# تایبەتمەندییەکانی ئەفسانەی کوردیی خۆراسان

**د. صدیق اورحمان علی**
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی، وەزارەتی پەروەردە - هەرێمی کوردستان/ عیراق

**م. هـ. ثریا احمد عبدالله**
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی، وەزارەتی پەروەردە - هەرێمی کوردستان/ عیراق

**پوختە**

ئەفسانەکان، کە چیرۆکی کۆنن سەرەتا بەشێوەی زارەکی و سینە بە سینە گواستراونەتەوە بۆ ئێمە. باس لە ڕووداو یان کەسایەتی خەیاڵی دەکەن. زۆر جار دیاردە و ڕووداوەکانی سروشتمان بۆ شیدەکەنەوە و بیروباوەڕ و تێڕوانینی سەردەمانی پێشوومان لە ڕێگای ئەفسانەکانەوە بۆ دەردەکەوێت. کە ئەمانەش زۆربەی جار پەیوەندییان بە باوەڕی ئایینی یان کولتووری کۆمەڵگایەکەوە هەیە.

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵ و گرنگی ئەفسانە لە کولتووری مرۆڤایەتیدا، بەتایبەت لە کولتووری کوردیدا و بەدیاریکراوی ئەفسانە کوردییەکانی ناوچەی خۆراسانی وەك نموونە وەرگرتووە.

گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە زۆر جار لەڕێگای ئەفسانەوە دەکرێت، کەلەپور و کەلتوری هەر گەل و ناوچەیەك بپارێزین، چونکە ئەفسانە بەشێکی گرنگە لە میراتی کولتووری هەر نەتەوەیەك و یارمەتی دەدات لە گواستنەوەی بەها و باوەڕە کولتوورییەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، لەلایەکی دیکەوە ئەفسانە یارمەتیمان دەدات لە ڕوونکردنەوەی دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان، چونکە لە ڕابردوودا، ئەفسانە ڕۆڵی هەبووە لەشیکردنەوەی دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان.

جگە لەوەی ئەفسانە هۆکارێکی بەهێزە بۆ کاریگەری لەسەر ئەدەب و هونەر و بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی، لەبەرئەوەی سەرچاوەی ئیلهامە بۆ زۆر بەرهەمی ئەدەبی و هونەری بەم هۆیەشەوە چەندان چیرۆک، شیعر، فیلم و شانۆی زۆر لەسەر بنەمای ئەفسانە دروست کراون. لەڕووی شوناسی نەتەوەییشەوە ئەفسانە یارمەتیدەرە لە دروستکردن و

بەهێزکردنی هەستی هاوبەش. وەك پردێك دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندی نێوان ڕابردوو و ئێستا.

لەڕووی پەروەردە و فێربوونەوە، بایەخێکی زۆر باشی هەیە، ئەفسانە زۆر جار وانەی ئەخلاقی و بەهای کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت. جیا لەوە یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتن لە مێژوو، بەو پێیەی هەندێک ئەفسانە ڕەنگدانەوەی ڕووداوە مێژووییەکانن، هەرچەندە بە شێوەیەکی خەیاڵی گێڕدراونەتەوە و لێکۆڵینەوە لە ئەفسانە دەتوانێت زانیاری گرنگمان پێ بدات لەسەر ژیان و بیرکردنەوەی خەڵک لە سەردەمە کۆنەکاندا. هەروەها لە بارەی دەروونناسی کۆمەڵایەتی ئەفسانە دەتوانێت ڕەنگدانەوەی ترس، ئاوات و خەونەکانی کۆمەڵگا بێت. دواجار دەکرێت ئەفسانە ببێتە سەرچاوەی داهێنان بۆ نووسەر، هونەرمەند و بیرمەندان. ببنە بنەما بۆ بەرهەمهێنانی کاری نوێ و داهێنەرانە.

لەم ڕوانگەیەوە سەرجەم ئەم هێڵە گشتییانەی کە خرانە ڕوو لە ئەفسانەی کوردیی خۆراساندا بەدیدەکرێن، بۆیە لەتوێژنەوەکەدا ئەوە دەخرێتە ڕوو، کە هێڵەگشتییەکانی ئەفسانە کوردییەکانی خۆراسان چین لەڕووی ناوەڕۆکەوە. هەروەها سەرجەم ئەو تایبەتمەندییانە دەستنیشاندەکرێت، کە لەم ئەفسانانەدا هەن.

ئەم توێژینەوەیە دەریدەخات کە ئەفسانە بەگشتی و ئەفسانەی کوردیی خۆراسان، سەرەڕای کۆنبوونی، هێشتا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە تێگەیشتن لە کولتوور و مێژووی ئەو بەشە گرنگە لە خاك و گەلی کوردستان. گرنگی لێکۆڵینەوە لە ئەفسانەی کوردی خۆراسان یارمەتیدەرە بۆ پاراستن و تێگەیشتنی قووڵتر لە لایەنی کەلەپوور و کەلتووری کوردانی خۆراسان.

**وشە سەرەکییەکان:** *ئەفسانە، ئەفسانەی کوردیی خۆراسان، کوردی خۆراسان، ئەفسانەی درەختی چل ئستران، گوڵ پەری.*

---

**پێشەکی**

کوردانی خۆراسان پێکهاتوون لە ژمارەیەکی زۆری کورد لە کوردخانە (ئوستانی باکوری خۆراسان)دەژین بەزمانی کرمانجی دەدوێن خاوەنی داب و نەریت و شوێنی شێوەی ژیانی تایبەت بە خۆیانن، لەناویاندا فۆلکۆرێکی دەوڵەمەندیان هەیە، کەشیاوی لێکۆڵینەوە و هەڵویستە لەسەرکردنە، جۆریکیشە لە بەرپرسیارێتی نەتەوەیی، کە بتوانیت کار لەسەر ئەم بەشە زیندووەی گەلی کورد بکەیت. لەو ڕوانگەیەوە ئەفسانەی کوردیی لەناو فۆلکلۆری کوردخانەدا بووە بەناونیشان و بواری کارکردنی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا بە ناونیشانی (تایبەتمەندییەکانی ئەفسانەی کوردیی خۆران). توێژینەوەکە دەیەوێت لەسەر

تایبەتمەندییەکانی ئەفسانە بوەستێت لەچەند ڕەهەندێکی جیاوازەوە، دەیەوێت بە شێوەیەکی گشتی تایبەتمەندییەکانی دەربخات. ناوەڕۆکی ئەفسانەکانی کوردانی خۆراسانی وەك نموونەی پڕاکتیکی توێژنەوەکە بەکارهێناوە.

## گرفتی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، ئەو تایبەتمەندییانە چین لە ئەفسانەی کوردیی خۆراساندا؟ ئایا دەکرێت لە ڕێگای ئەفسانەکانەوە ئاشنای بیروباوەڕی ئایینی و داب و نەریت و کەلتووری کوردانی خۆراسان ببین؟ ئایا خاك، زمان، مێژوو، پەروەردە، زانست و داهێنان چۆن لە ئەفسانەکاندا بەگەڕ خراون؟

## گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە جیا لەوەی دەستنیشانی تایبەتیمەندییەکانی ئەفسانەی کوردیی خۆراسان دەکات. خاڵە درەوشاوە و بەرچاوەکانی شی دەکاتەوە و هەڵویستەیان لەسەر دەکات، هەروەها لا دەکاتەوە لە فۆلکلۆری بەشێکی گرنگی نەتەوەی کورد، کە کوردانی خۆراسانن و کاری لەسەر دەکات.

## سنوری توێژینەوەکە

سنووری توێژینەوەکەمان تەنها کارکردن بووە لە بیست و یەك ئەفسانەی کوردیی خۆران، کە لەکتێبێکدا بەناوی **"درەختی چل ئستران"** بڵاوکراونەتەوە، وەك کەرەستەی سەرەکی توێژینەوەکە بەکارهاتوون.

## ڕێبازی توێژینەوەکە

توێژینەوەکەمان بە ڕێبازی شیکاری وەسفی ئەنجامداوە.

## پلانی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە، لە پێشەکی و دەروازەیەك و حەوت بەشی سەرەکی پێکهاتووە:

لە دەروازەدا زۆر بەکورتی لەسەر ناساندنی کوردانی خۆراسان وەستاوین، لە هەر یەك لە بەشەکاندا لەسەر بابەتەکانی: ئەفسانە و ئایین، مێژوو، پەروەردە، زانست و داهێنان، نەتەوە، پەیوەندی نێوان تاکەکان، ئەفسانە و سروشت وەستاوین.

لە کۆتاییشدا ئەو ئەنجامانەی بەدەستهاتوون دانراون، لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی ئینگلیزی، هەروەها ڕیزکردنی سەرچاوە بەکارهاتووەکان.

**دەروازە**

**کوردانی خۆراسان**

کوردانی خۆراسان ژمارەیەکی بەرچاوی کوردن، کە لە کوردخانە یان ئوستانی باکوری خۆراسان لە وڵاتی ئێراندا دەژین و بە گشتی ژمارەیان نزیکە دوو ملیۆن کەس دەبێت، کە خاوەنی خاك، زمان، مێژووی هاوبەش و سەربەخۆ و داب و نەریتی تایبەت بە خۆیانن، بەزمانی کوردیی کرمانجی دەدوێن. بەشێوەکی گشتی لە "١١ شار و ١٩٠٠گوندی کوردنشین و لە بنەڕەتدا لە ١٢ هۆز و ١٢٢ بنەماڵە پێکهاتوون" (هەرشمی، ٢٠١٦، ٢٤). خۆراسان دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی ئێرانەوە و سەرزەمینێکی گەورەی ئەو وڵاتە پێکدەهێنێت.

ئەگەرچی زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوەدەکەن، کە کوردانی خۆراسان لەسەردەمی شا عەباسدا بە زۆر لەرۆژهەڵاتی کوردستانەوە ڕاگوێزراون بۆ ئەم ناوچەیە، بەڵام لە بەرانبەردا ڕای دیکە هەیە کە دەڵێت: "کوردانی خۆراسان لەسەردەمی ساسانی و دواتر بەهەندێ هۆکاری جۆراو جۆر سەرەتا وەك پاسەوان و سنوور پارێزی ئەو ئیمپراتۆریەتە و دواتریش بەهۆی کەوتنی ساسانییەکان کۆچەکی کۆردان زیاتری کردووە تا دواتر" (هەرشمی، ٢٠١٦، ٢٣)

کوردانی کوردخانە لە خۆراسان "خاوەنی سامانێکی گەورە و دەوڵەمەندی فۆلکلۆرین، ئەوان داب و نەریت و فۆلکلۆری خۆیان بەشێوەی جۆراوجۆر نەوە دوای نەوە تا ئەمڕۆ پاراستووە" (فەلاح، ٢٠٢٢، ٣١) لەناو ئەم گەنجینە پڕ بایەخی فۆلکلۆری کوردانی خۆراساندا، ئەفسانەی کوردیی خۆراسان گەوهەرێکی درەوشاوەیەتی بۆیە لێرەوە لەبارەی تایبەتمەندییانەوە دەدوێین.

**بەشی یەکەم:**

**ڕەنگدانەوەی ئایین و ئاینزا لە ئەفسانەدا:**

ئایین و ئایینزا ۆڵێکی بنەڕەتی و قووڵیان هەیە لە ئەفسانەکاندا و هەر لە کۆنەوە مرۆڤ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕووداوەکانی سروشت و مەترسییەکانی، کە ژیانی مرۆڤیان دەخستە مەترسییەوە و ئارامی و دڵنیایی ژیانیان تێکدەدا بەدوای ڕێگەچارەدا گەڕاوە بۆ پەیوەندیکردن بە ئەودیوی سروشت و ئەو هێزە نادیارانەی، کە ڕوو بەڕووی سروشت و گەردوون دەبۆوە، بۆ ئەوەی بتوانێت بە جۆرێك دەستەمۆیان بکات و لە زیان و خراپەکارییەکانی خۆی بپارێزێت لە هەمانکاتدا سروشت بخاتە خزمەت ئارەزوو و حەز و بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە. هەر بۆیە مرۆڤی سەرەتایی ستایشی هەموو ئەوانەی کردووە، کە سوودی پێگەیاندووە وەك خۆر، کە گەرمی کردۆتەوە مانگ و ئەستێرە، کە شەوی

تـاریكی بـۆ ڕوونـاكـكردۆتەوە هەمـوو ئەو شـتانەش، كە لێیـان ترسـاوە لێیـان پـاڕاوەتەوە و پەرسـتوونی، چـونكە ترسـاوە زیانیـان پێبـگەیەنێت، ئەمەش سـەرەتایەك بـووە بـۆ بیروبـاوەڕی ئـایینی و مەراسـیمە ئایینیەكـان ئـایین و ئاینزاكـان لە ئەفسـانەكاندا بە شـێوەیەكی فرەڕەهەند و قووڵ ڕەنگیان داوەتەوە.

مـارك مۆرفـۆرد و رابـرت لینـاردۆن دەڵێن: " ئەفسـانە بڕێك داسـتانە لەنێوان مـرۆڤ و خوداكـان و پەیوەنـدی نێوانیـان، ئەو تێكەڵاوییـە لە تەواوی داسـتانە كۆنەكانـدا دەبینرێت" (جـاف ٢٠٢١، ١٥) لەبەر ئەو تێكەڵی و بەنـاو یەكـداچوونەیە، كە جۆزێف كامبـڵ دەڵێت: " ئەفسـانەكان دەمـامكی خواوەنـدەكانن، مرۆڤەكـان لەهەمـوو شـوێنێك هەوڵیانـداوە لەڕێگایـانەوە خۆیـان بە دیـمەنە سەرسـوڕهێنەرەكانی بـوونەوە پەیوەسـت بـكەن" (ج. كامبـڵ ٢٠٢٤، ٢٩)

دواتـر بەشـێوەیەكی قووڵتر چەمكەكانی خـودا وەك: خوایـانی فرە بـوونی چەنـدین خودا بۆ هەر بەشێكی سروشت، كە هەریەكە لە خوداوەندەكان خاوەنی هێز و تایبەتمەندی مرۆڤانەن، هەروەها پەیوەندی ڕاستەوخۆی خوداوەندەكان لەگەڵ مرۆڤ.

لێرەوە ئایین لەناو ئەفسانەكاندا پێگەی خۆی توندتر دەكات و ڕۆڵی كـاریگەرتر دەبینێت وەك: دیاریكردنی چارەنووس، دادپەروەری، سزا و پاداش، ڕێنمایی كۆمەڵگا.

هەروەهـا ئەفسـانەكان شێوازەكانی پەرستشـی ئـایینی دیـاری دەكەن وەك: قوربـانی، نزا، گێڕانەوەی ئایینی، ڕێوڕەسمی تایبەت بە بۆنە

ئایینیەكـان دواتـر ئەمە بەشـێوەیەكی قـووڵتر لە ئەفسـانەكاندا ڕەنگـدەداتەوە بـۆ پەیوەنـدی نێـوان مـرۆڤ و خـودا، پـاڵنەری مرۆڤـایەتی، سـەرچاوەی هیـوا، هاریكـاری لە كـاتی سەختیدا و سنووردانان بۆ ڕەفتار.

بەشێوەیەكی گشتی دەكرێ بڵێین ئەمانە وەك مانای ئایینی لەناو ئەفسانەكاندا بەگەڕ دەخرێت و خۆیـان لە بەهاكـانی: لێبـوردەیی، یەكسـانی، برایەتـی و گەشـەی ڕۆحیـدا دەبینـنەوە و سـەرەنجام كـاریگەرییان دەبێت لە سـەر لایەنی: دەروونی، كۆمەڵایەتی، سیاسی، ئەخلاقی.

تێكڕای گوتاری ئایینی لەنێو ئەفسانەكاندا و پەیامی ئەوان لە ژێر چەتری: خێـر و شەڕ، ژیان و مردن، چارەنووس، مافی مرۆڤ.

ئەمـانەش دەبـنە تایبەتمەنـدی ئەفسـانەكان یـان ئەفسـانەكانی هەر گەلێك و دەبـنە یەكێك لە سیما جیاكەرەوەكانی ئەفسانەی گەلێكی دیاریكراو لەڕووی سەرچاوەی هزری،

پاراستنی کەلتوور، یەکخستنی کۆمەڵگا و بەرگریکردن لە بەهاکان، بۆیە دەکرێت بوترێت: ئایین لە ئەفسانەکاندا زیاتر لە ئایینزایەکی سادە، دەبێتە سیستەمێکی بیرکردنەوە و ژیان کە هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە.

لەبەرئەوەشە لە ڕوانگەی کارل گۆستاف یۆنگەوە، کە بڕوا وایە " وێنە ئەفسانەیی وئایینیەکان خزمەت بە ئامانی گەلێك دەکەن، کە پێگەی ژیان پتەو دەکەن" (کامبێل ٢٠٢٣، ٢٦)

بێگۆمان ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئایین ئەفسانە پەیوەندییەکی قووڵ و بەتین لە نێوانیاندا هەیە، بە جۆرێك زەحمەتە بتوانرێت لە یەکیان جیابکەینەوە لەبەرئەوەشە لە "ئینسکۆپیدیای بەریتانیدا نوسراوە هیچ سرووتێکی ئایین بەبێ ئەفسانە نییە، بەڵام زۆر ئەفسانە هەن بەبێ سرووتی ئایینی (حەسن ٢٠٢٠،، ١١٩) نەتەوەی کوردیش وەك هەر نەتەوەییەکی سەر ئەم زەمینە خاوەنی مێژوویەکی دێرین و دەوڵەمەندە، کە لە نێو ئەفسانەکانیدا ڕیشەی کۆنترین ئاین و بیروباوەڕی ئایینی ڕەنگدانەوەی هەبووە لە مێژووی ئاییندا لە کوردستان "لە ئەشکەوتی(شانەدەر)ەوە، واتە ٦٥٠٠٠هەزار ساڵ پێش زایین لەو ئەشکەوتەدا خەڵکانێك ژیاون، کە جۆرە باوەڕێکی ئاینییان هەبووە، کە لەجۆری ناشتنی مردووەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە." (حسن ٢٠٢٠، ٤٣) ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە ئەو مرۆڤانە خاوەنی جۆرێك لە بیروباوەڕی ئایینی و ئەفسانەیی بوون بۆ ژیانی دوای مردن، هەروەها " شارل دیو بیوی دەڵێت: پەرستنی سروشت لە ئەشکەوتەکاندا ئایینێکی سەرەتایی و خۆرسکی لەکار و بەربڵاوی جیهانی کۆن و تازەیە." (حەسن ٢٠٢٠،، ١١٩) لە ئەفسانەی کوردیدیشدا دەتوانین سروشت پەروەریی و فرەخوایی لەڕێی دۆزینەوەی پاشماوە دێرینەکانەوە، کە سەلمێنراوە بەدەربکەوێت تۆفیق وەهبی دەڵێت: کوردەکان هێزە سروشتییەکانیان دەپەرست و باوەڕیان بە فرەخوایی هەبوو، واتە هەر دیاردەیەکی سروشتی لای ئەوان خوایەکی هەبوو، مەزنترین خواوەندیان (دیاوس) بوو ئەوەی ئێزیدییەکان پێی دەڵێن تاوس." (حەسن ٢٠٢٠،، ١٢٠) بەم جۆرە نەتەوەی کورد لە قۆناغەکانی ژیانیدا هەر لە قۆناغی سروشتپەرستییەوە دواتر بۆ قۆناغی فرەخوایی کە وێنەیان بەشێوەی پەیکەر و وێنە و نەخشی سەردیواری ئەشکەوت وپەرستگاو کۆشك و تەلارەکان بەدیاردەکەون، تا دەگاتە قۆناغی یەکتاپەرستی لە سایەی ئایینە ئاسمانییەکاندا و کاریگەریی ئایین و ئایینزا لەناو دەقە ئەفسانەییەکاندا ڕەنگیداوەتەوە.

سەبارەت بە ئەفسانەی کوردیی خۆراسان پەرەسەندن و کاریگەری ئایینزا لەناو کوردەکانی خۆراساندا لەسەردەمی ئومەوی(٦٦١-٧٥٠ز) و عەباسییەکان(٧٥٠- ١٢٥٨ز)دا، کە" کوردستان بووەتە پەناگەی ئەو شیعە ئیمامییانەی کە لەدەست چەوسانەوە هەڵهاتوون،

هەنـدێك لەوانە کە خێزانـی عەلەوییـان تێـدا بـووە لەنـاوچە کوردییەکـان نیشـتەجێبوون، هەندێکیشـیان کوردسـتانییان وەك ڕاڕەوێـك بەکارهێنـاوە بـۆ دەربـازبوون بەرەو خۆراسـان و ناوچەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، ئەوانەشی نیشتەجێبوون تێکەڵ بە کولتوور و زمان و داب ونەریتی ناوچە کوردنشینەکان بوون." (تەها ٢٠٢٤، ٤٠)

لێرەوە دەتوانێن ئەو هێڵە گشتییانە دیاری بکەین، کە لەئەفسانەی کوردیی خۆراساندا هەبووە و ڕەنگی داوەتەوە، کە ئەمانەن:

**قوربانیکردن لە پێناو خواوەندا**

یەکێك لە دیاردە باوەکانی ناو ئەفسانەکان قوربانیکردن و خوێن بەخشینە لە پێناو خواوەندا لە پێناو بەدیهێنانی خۆزگە و مرازێك، کە لە دڵی خاوەن قوربانییەکەدا. ئەم دیاردەیە بە ڕوونی لە ئەفسانەی کوردیی خۆراسان بەناوی (ئەلێك و فاتێك) بەرجەستە دەبێت، وەك لە ئەفسانەکەدا هاتووە:

**ژنەکەیش... گووتی: دەبێ لە مەزرادا قوربانی بکەین و گۆشتەکەی بەسەر هەژاراندا دابەش بکەین.**

**پیاوەکە گوتی: ئێمە پارەی ئەوەمان نییە مەڕێ بکەینە قوربانی**

**ژنەکە گوتی: کێشە نییە، ئەلێك و فاتێك سەردەبڕێن و دەیانکەینە قوربانی**

**پیاوەکە گوتی: ئەلێك و فاتێك یادگاری براکەمن، چلۆن دەتوانم کاری وابکەم؟**

**ژنەکە گوتی: چارمان نییە، ئەگەر وانەکەین گەنمەکەمان شین نابێت و ئەوساڵ لەبرسان دەمرین، دووکەس بمرن باشترە تا هەمووما‌ن بمرین.**

**پیاوەکە تۆزێ بیری کردەوە و لای خۆیەوە گوتی، قسەی ژنەکەم ڕاستە. بۆیە پرسی باشە چلۆن بیانکەینە قوربانی؟** (کانیماڵ، ٢٠١٩، ٣٦)

بەسەرنجدانمان لەم پارچەیە ئەوە وێڕای ئەوەی نیازی خراپی ژنەکە وەك سەرچاوەی کێشەکە دەردەکەوێت ئەوەی ڕوونە و بەرچاوە بیرۆکەی قوربانیکردنە بۆ خواوەند لە پێناو مانەوە، قوربانیکردن بۆ بەسەلامەتی هێشتنەوەی دانەوێڵەکەیە، کە سەرچاوەی خۆراکە بۆ ئەوەی ژیان بەردەوام بێت، قوربانیکردن بەکەسانێکی بێتاوان و بێ ئاگا بۆ ئەوەی ئەوانی تر سەلامەتبن هەمان ئەو بیرباوەڕە کۆنانەیە، کە لە زۆربەی زۆری ئەفسانەکانی گەلانی دونیادا بەدیدەکرێن، بەڵام ئەوەی جیای دەکاتەوە، بیرۆکەی ڕزگاربوونی قوربانییەکانە وەك لە ئەفسانەکەدا هاتووە:

**ڕۆژی دواتر پیاوەکە چوو بۆ مەزرا و ژنەکەیشی کاتی نیوەڕۆ ئەلێك و فاتێکی بانگکرد و نانێکی ورد کردە ناو بایەیەکی دۆ و گوتی بیبەن بۆ مامتان.**

**ئەلێك و فاتێك بە پێخاوسی بەرەو مەزرا کەوتنەڕێ و ڕۆیشتن، هەتا گەیشتنە کانییەك کە لە بن دارێکی بی دابوو... لەسەر کانییەکە دانیشتن تۆزێ ئاویخۆنەوە. لەپڕ دوو قاڵاو هاتن و لەسەر لقێکی دارەبییەکەوە نیشتنەوە و دەستیان کردە قڕەقڕ.**

**یەکێك لە قاڵاوەکان گوتی: خانگا من! زانی یان نزانی؟**

**قاڵاوەکەی دی گوتی: نا، نازانم، بوێژ تا بزانم!**

**قاڵاوی یەکەم گوتی: خوشکە گیان مامۆژنی ئەلیك و فاتیك فریوی داون و دەیاننێرێتە لای مامیان. مامیشیان دەیەوێت بیانکاتە قوربانی بۆ مەزراکەی.**

**قاڵاواکەی دیش گوتی: ئەدی ئەم هەژارانە چ بکەن؟**

**قاڵاوی یەکەم گوتی: دەبێت... بگەڕێنەوە بۆ گوند و شانە و هێلکە و ئاوێنەیەك هەڵبگرن و خۆیان دەربازبکەن، ئەگەر مام و مامۆژنیشان دوایان کەوتن، دەبێ بە دوای خۆیاندا شانە و هێلکە و ئاوێنەکە داخەن {فڕێبدەن}، تا پێشیان پێ بگرن. بەڵام دەبێت لە بیریان بێت لە پشتی سەریانەوە بێت نەك پێشی سەریان.** (کانیماڵ، ٢٠١٩، ٣٨)

ئەگەر سەرنجبدەین نیازی بەجێهێنانی قوربانی دەچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، ئەوەی جێگای تێڕامانە چۆن قوربانییەکە بۆ هێزێکی دەرەکییە، کە خواوەندە، لەهەمان کاتدا هێزێکی تری دەرەکی کە باڵندەی (قاڵاو) وەك فریاد ڕەس دێت و لە پێناو خودی قوربانییەکان لە نزیکیانەوە گفتۆگۆدەکەن و ڕێگای ڕزگاری پیشانی قوربانییەکان دەدەن، ئەوانیش زۆر ژیرانە هەنگاوەکانی ڕاکردن و ڕزگاربوون پیادە دەکەن. ئەمەش بەڵگەیەکی ترمان دەداتێ، کە قوربانییەکان هۆشیارییان زیاترە بەراورد بەهەندی لە کاراکتەری دیکەی ناو ئەفسانەکانی گەلانی دونیا بەوەی ڕاستەوخۆ هەوڵی خۆ ڕزگارکردن دەدەن و تەسلیم بە ویستی دەوروبەر نابن، جیا لەوەی خۆشیان قەناعەتیان بەوەنییە، کە لەپێناو مانەوەی ئەوانی تردا ببنە قوربانی، چونکە ڕێگاکە بەدروست نازانن، بۆیە هەوڵی خۆڕزگارکردن دەدەن و کەرەستە جادووییەکانی کە پێیانە لە هێلکە و شانە و ئاوێنە بەکاری دەهێنن بۆ ڕزگاربوون، بۆیە ئەنجام خۆیان ڕزگار دەکەن لەدەستی بوون بە قوربانی بۆ خواوەند و لە دەستی مام و مامۆژنیان، کە خواستێکی دڕندانەیان هەبوو بۆ مردنی ئەوانی تر لە پێناوە مانەوەی خۆیان.

**بەخشینی دەسەڵاتی خواوەندی و بەرزتر**

لەهەندێك لە ئەفسانەکاندا دەسەڵاتی خواوەند، یان زیاتر لە خواوەندێك دەبەخشن بە کەسەکان و زۆرجار ئەمەش بەسوود وەرگرتنە لە کەسایەتییەکانی ناو ئەدەبیات و فەرهەنگی ئیسلامی یان سوود وەرگرتن لە قورئانی پیرۆز وەك لە ئەفسانەی حەمەداوچی و ئەنگوستیلەی سلێمان پێغەمبەردا هاتووە:

**پشیلەکە گوتی گەورەم خێراکە. سبەی چل ڕۆژ مۆڵەتی ژنەکەت تەواو دەبێت و لە کوڕی پادشای ئەرزڕۆمی مارە دەکەن.**

**حەمەداوچی ئەنگوستیلەی نایە بن زمانی و گوتی: ئەی ئەنگوستیلە! بەحورمەتی سلێمانی پێغەمبەر، ژن و کۆشکەکەم لێرە ئامادە بکە.**

**پاش کەمێك کۆشکەکەی و زەڕینتاج لە بەردەمیدا ئامادەبوون. ئەوان بەیەك گەشانەوە و بە ئاواتی دڵیان گەیشتن** (کانیماڵ، ٢٠١٩، ٨٦)

لێرەدا سوود لە چیرۆکی سلێمان پێغەمبەر وەرگیراوە و سەرلەنوێ لە ئەفسانەکەدا بەگەڕخراوە، بەڵام ڕۆڵێکی زۆر گەورتر و توانایەکی سەروو ئاسایی پێدراوە، ئەگەر لە چیرۆکە قورئانییەکەدا سلێمان پێغەمبەر خۆی کاراکتەری سەرەکی بووبێت، ئەوا لێرەدا کاراکتەر کەسێکی ترە بەهۆی بەکارهێنانی ئەنگوستیلەی سلێمان پێغەمبەر و ناوهێنانییەوە توانیوتی کارێکی لە سنووری ئەقڵ بەدەر ئەنجامبدات و ئەم توانایەش دەسەڵاتێکی زۆر زیاترە لە خواوەندەکان، کە بەخشیویەتی بە پاڵەوانی ناو ئەفسانەکە.

هەروەها لە ئەفسانەی (گوڵپەری)دا لە گێڕانەوەی بە سەرهاتێکدا بەم جۆرە باسی ئیمامی عەلی دەکات:

**لەشکری پادشا، شا محەمەدیان گرت و بەشمشێر و خەنجەر کوشتیان و جەستەکەیشیان لەت لەت کرد و لەو چۆڵەوانییە فڕێیاندا ڕۆژی دواتر بە هەڵکەوت حەزرەتی عەلی لەگەڵ قەنبەری خزمەتکاری بە ئەمەکیدا لەو بیابانەوە تێدەپەڕین. حەزرەتی عەلی فەرمووی: هۆ قەنبەر لەم بیابانەدا بۆنی تەرم دێ، ئەدی بزانە چ باسە؟**

**قەنبەریش ڕۆیشت و چاوی بەدەوروبەری کۆشکەکەدا گێڕا و تەرمی کافرەکانی بینی کەوتوونەتە سەر زەوی و تەنها شیعەیەك لە نێوانیاندایە و جەستەشی لەت لەت کراوە. قەنبەر گەڕایەوە و هەواڵەکەی بۆ حەزرەت هێنا. حەزرەت فەرمووی: ئەی قەنبەر بڕۆ جەستەی لەتلەتی ئەو کەسە شیعەیە لە پەنای یەکەوە دانێ و بگەڕێوە.**

**قەنبەر ڕۆیشت و فەرمانی حەزرەتی عەلی جێبەجێکرد حەزرەتی عەلی... دەستی بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە و لەخودا پاڕایەوە و قەنبەریش وتی ئامین. دوعای حەزرەت گیرابوو، گۆشت و ئێسقان پێکەوە نووسان گیانی گرت و هەستایەوە** (کانیماڵ، ٢٠١٩، ١٠٠)

لەم ئەفسانەیەدا زاڵبوونی بیری شیعەگەری بەڕوونی بەرچاو دەوکەوێت، مرۆڤی شیعە دەخاتە لایەك و هەمـوو مرۆڤی تری دونیا بەلایەکی تر. بیری شیعەگەری بە جۆرێك زاڵ دەکات، کە پێی وایە هەمـوو کات و لە هەر بارودۆخێکدا بێت شیعەبوون بەسە بۆ ئەوەی لەودیوو مەرگیشەوەبێت جارێکی تر بگەڕێیتەوە بۆ ژیان، پاڵەوانێتی ئەمەش دەگێڕێتەوە بۆ حەزرەتی عەلی. لەکاتێکدا خۆی لە ژیاندا نەماوە، بەڵام ئاگای لە هەمـوو شیعەیەك هەیە. ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا وانیشاندەدات کە حەزرەتی عەلی دەستی نزای بەرزکردۆتەوە بۆ لای پەروەردگار و لێی پەڕاوەتەوە. بەڵام لەناوەرۆکدا ئەوە بەرجەستە دەبێت کە توانا و هێزی خواوەند و بگرە زیاتر لەوەی خواوەند پیشانی مرۆڤایەتی دەدات پێداوە بەوەی، کە جەستەیەکی لەتلەتبووی مردوو، کە بۆنی لاشەکەی دێت و زەمەنێکی بەسەردا تێپەڕیوە زیندوو دەکاتەوە و جارێکی تر ژیانی پێدەبەخشێتەوە.

هەروەها لە ئەفسانەی (جێگری شا عەباس)دا سەبارەت بە توانا و دەسەڵاتی حەزرەتی عەلی بەمجۆر باسی دەکات:

**فەڕوخ لەقا لە خەوندا پیاوێکی نوورانی و جوانی بینی، کە هاتە پەنای و دەستێکی بە گەرووی بڕاوی کوڕەکەیدا هێنا و سەری بە لەشییەوە لکاندەوە و بە ئاوی زاری شوێنی برینەکەی تەڕکرد.**

**فەڕوخ لەقا پرسی: ئەی باوکی میهرەبان! ئەتۆ کێیت، کە ئەو چاکەیەم لەگەڵ دەکەیت؟**

**پیاوە نوورانییەکەش پرسی: ئەدی تۆ بانگت لە کێ کرد؟**

**فەڕوخلەقا گوتی: ئەی بەڕێز! ئەی بەڕێز ئەمن بانگی ئەمیری بڕواداران، واتە عەلی پشتیوانی هەژاران و لیقەوماوانم کرد!**

**پیاوە نوورانییەکە گوتی: ئەمن عەلیم و ئەگەر شیعەکان داوای یارمەتیم لێبکەن، دێمە هانایانەوە** (کانیماڵ، ٢٠١٩، ٢٥٣)

لێرەدا وێڕای جەختکردنەوە لە گرنگی شیعەبوون، بەوەی کە هەمیشە پشتوانی ئیلاهی و هێزی دەرەکی بەدەست دەهێنن، وا لە مرۆڤ دەگەیەنێت، باوەڕداری شیعە لەلایەن

هێزی دەرەکییەوە کاری موعجیزە ئاسای بۆ بەدی دەهێنرێت. سەبارەت بە حەزرەتی عەلی ئەگەرچی لە نموونەکەی پێشوودا توانا و هێزی ئەو ئاوێتەبوو لە نێوان پاڕانەوە لە خواوەند و دەسەڵاتی خواوەندی بۆ خودی خۆی، بەڵام لێرەدا تەواو بەدەستی خۆی ئەو کارەدەکات، کە پێوەیستە خواوەندێك بیکات و مرۆڤێك لە مەرگێکی حەتمی، کە سەری لە لاشەی جیابۆتەوە، دەگێرێتەوە بۆ ژیان و ئەو پەیامە دەدات بۆ گوێی نزاکارەکەدا هەرکات شیعەکان داوای یارمەتی بکەن دەچێت بەهانایانەوە، لەمەشدا دوو پەیامی تر هەیە. یەکەمیان ئەم بەهاناوە چوونە تەنیا بۆ شیعەکانە و بۆ خەڵکانی دیکە نییە. دووەم لێرەدا پاڵەوان وەك خوداوەند دەردەکەوێت و ڕێگای یارمەتی نزاکردن بەرەو ڕووی خۆی دەکاتەوە نەك خودای جیهانیان.

**چارەنووس**

یەکێکی ترە لەو خاڵانەی، کە لەناوەرۆکی ئەفسانەکاندا بەدی دەکەین ئەمەش بەجۆرێك لە جۆرەکان وابەستە دەکرێت بە هێزێکی دەرەکی و پابەندی ئاینیەوە وەك دەسەڵاتێکی خواوەند لێی دەڕوانرێ مرۆڤەکان لەبەرانبەریدا دەستەوستان دەوستن خۆیان ڕادەستی ئەو چارەنووسە دەکەن، کە لەدەرەوەی ویستی خۆیانە. لە ئەفسانەی (چارەنووس)دا هاتووە:

**چێوارەکە چاوی لە ئاسمان دەکرد، کە لەپڕ سوارێکی بینی بە ئەسپێکی سپی و جوانەوە لە ئاسمان هاتە خوارەوە و چووە ناو ئەو ڕەشماڵەی ژنەکەی زاڵ بەگ لەوێ زابوو.**

**چێوارەکە بە سەرسووڕمانەوە لە خۆی پرسی: ئاخۆ ئەو سوارە کێیە کە لە ئاسمانەوە ڕا هات و چووە ناو ڕەشماڵەکەوە؟ ڕەنگە خەونیش ببینم!...**

**سوارەکە زۆری هەوڵدا لە دەستی چێوارەکە ڕزگاری بێت، بەڵام نەیتوانی. بەناچار گوتی: ئەمن چارەنووسم و لە ئاسمانەوە هاتووم، تاکو داهاتووی منداڵەکەی زاڵ بەگ و هەموو ئەو شتانەی بۆی دانراوە، لەسەر تەوێڵی بنووسم.**

**چیوارەکە پرسی: ڕاستییەکەی چییە بڵی چیت لەسەر تەوێڵی نووسی؟**

**سوارەکە گووتی: تۆ چت لەوە داوە لێمگەڕێ درەنگە، هەتا خەڵك بەخەبەر نەهاتوونەتەوە با بچم.**

**چیوارەکە گووتی: هەتا ڕاستییەکەی نەڵێیت وازناهێنم.**

**کاتی سوارەکە دیتی وازی لێ ناهێنێ، گوتی: کەواتە گوێ ڕابگرە و ئاگاداریە لەسەر تەوێڵی ئەو کوڕەم نووسی هەموو ماڵ و سامانی تۆ بۆ ئەو دەبێت (کانیماڵ، ٢٠١٩، ٢١٨)**

بەسەرنجدان لەم ئەفسانەیە بەڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە بڕوایان وایە، کە چارەنووس هێزێکە لەدەرەوەی ویستی مرۆڤەکان دێت و ئایندەیان بۆ دیاری دەکات، هێزەکە لە ئاسمانەوە دێت، سوارە و خاوەن دەسەڵاتە بڕیار لەسەر ئایندەی منداڵێك دەدات، کە یەکەم ساتەکانی لەدایکبوونییەتی و هەموو سامان و ماڵ و داهاتی چێوارێکی ماندووی دەستی ڕۆژگاری بە نووسینێك لەسەر تەوێڵی منداڵەکە پێدەبەخشێت. هەروەها لە ئەفسانەی (شاسوڵتان مار و دلۆڤان)دا بەم شێوەیە باس لە چارەنووسی کچێك دەکات:

**مارەکە بە پیرەمێردەکەی گووت: ئەمن شاسوڵتان مارم، پادشای مارەکان! ئەگەر کچەکەت بدەی بە من، لە هەژاری ڕزگارت دەکەم. بەڵام ئەگەر نەیدەیت، لە هەرکوێ بیت دەتدۆزمەوە و دەتگەزێم و دەتکوژم، ...دوای گفتوگۆی پیرەمێرد و کچەکانی،...کچە بچووکەکەی، کە ناوی دلۆڤان بوو، گوتی: بابەگیان ئەمن ئەو داوایە جێبەجێ دەکەم و دەبمە هاوسەری پادشای ماران و ئامادەیشم لە پێناوی تۆدا بمکوژێت** (کانیماڵ، ٢٠١٩، ١١٧)

ئەگەر سەرنجی چارەنووسی کچەکە بدەیت لەم پارچەیەدا کە لەئەفسانەکە وەرگیراوە بەڕوونی دەردەکەوێت ویستێك کە لەدەرەوەی خواستی کچەکەدایە، ئەویش بریتییە لە شاسوڵتان مار لە پێناو خواست و حەزی خۆی و پیرەمێردی باوك لە پێناو ڕزگاربوونی خۆی، لە کاتێکدا خۆی لە کۆتاییەکانی تەمەن و کچەکەی لە دەستپێکی ژیان و تەمەنی دایە. بڕیار لە چارەنووسی کچەکەدەدەن. کچەکە لە پێناو مانەوە و بەردەوامی ژیانی ئەم باوکەدا ئامادەیە خۆی بکاتە قوربانی و بەو چارەنووسە ڕازی دەبێت، لێرەدا هاندان بەدی دەکەین بۆ ڕازی بوون بە چارەنووس لەوەی دوای ڕازی بوونەکە دەبینین کچەکە دەکەوێتە ژیانی خۆشبەختی و ئاسودەیی زۆرەوە هەوڵدەدات هەمووان بەو چارەنووسە ڕازی ببن کە بۆیان دیاردەکرێت.

هەروەها لە کۆی ئەفسانەی کوردیی خۆراساندا بیروباوەڕی ئایینی وەك خواوەند و دەسەڵاتی، پەیوەندی مرۆڤ و خواوەند، چارەنووس، شێوەی نزا و پەرستش و ڕێوەڕەسمی ئایینی و پەیوەستکردنەوەی ئایین و جادوو دەبینین و لە هەموو بارەکاندا بیروباوەڕی ئایینزای شیعە زاڵە بەسەر ناوەڕۆکەکاندا و مرۆڤی باوەڕداری شیعە جیادەکاتەوە و لە هەموو مرۆڤێکی تری سەر گۆی زەوی بە جیاوازتر و دەیبینێ کە هەمیشە خواوەند وەڵامی داواکارییە سەیر و

سەمەرەکانی دەداتەوە، ئەگەرچی لەدەرەوەی عەقڵ و لۆژیك بن زیاتریش رۆڵی خواوەند بە حەزرەتی عەلی دراوە.

**بەشی دووەم:**

**ئەفسانە و مێژوو**

مێژوو واتای ڕابردووە بەڵام ئایا ئەو ڕابردووە لە کەیەوە دەستپێدەکات؟ بێگومان ئێمە زەمەنێکمان هەیە لەڕابردوو کە تێیدا نووسین نەبووە مرۆڤ لەرێگەی گێڕانەوەی ڕووداوو کارەساتەکانی رۆژگار بەزارەکی بۆ نەوەکانی دوای خۆی و دواتر پارێزگاری لە مانەوەیان کردووە کە ئەمەش بەقەد کۆنی ژیانی مرۆڤایەتی کۆنە، بەڵام لە دوای پەیدابوونی نووسین مێژووی نوسراو دەستپێدەکات لێرەدا دەتوانین بڵێین "مێژوو بریتییە لەو نووسراوانەی کە لە ڕووداوەکانی پێش ئێستا دەدوێن، بەسەرهاتی ڕابردووان، گێڕانەوەی ڕووداو، کەپێشتر ڕوویانداوە." (هەرشەمیی ٢٠٢٢، ٧٥٠) ئەفسانەش بیرکردنەوە و تێهزرینی مرۆڤی کۆنە سەبارەت بە گەردوون و سروشت و ژیان و مردن … هتد ئەوەش لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا دەستپێکردووە، هەرچی پەیوەستە بە ئەفسانە بابەتێکی کۆنە " پێش دامەزراندنی شارستانییەت لە نێو گۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا سەریهەڵداوە و هەر بەرەباب و قەوم و قەبیلەیەك بە پێی هزر و زانیاری و بیروبۆچوونی خۆیان… بیریان لە بوونی گەردوون و ژیان و مردن و ڕووداوە نادیارەکانی دەورووبەری خۆیان کردۆتەوە." (بێخاڵی ٢٠١٣، ٤١) لەبەرئەوەی بیرکردنەوەی مرۆڤ و تێفکرینی بۆ دیاردە و ڕووداوەکان لەگەڵ بوونی ژیان دەستپێدەکەن و مێژووش لەگەڵ بوونی ژیاندا دەستپێدەکات، بۆیە ئەفسانە و مێژوو پەیوەندییەکی ڕیشەییان لەگەڵ یەکدا هەیە و لەم پەیوەندییەشدا ڕای جیاواز هەیە هەندێکیان" ئەفسانە بە مێژووی پیرۆز دەزانن و هەندێکی تر بە مێژوویەکی درۆی دادەنێن، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەفسانە لە نێو مێژوودا لەدایك بووە و مێژووش لە نێو ئەفسانەدا کەوتۆتەسەرپێ." (حسن ٢٠٢٠، ١٩٢) خاڵی هاوبەش و لێکچووی نێوان ئەفسانە و مێژوو ئەوەیە، کە "ئەفسانە و مێژوو هەردووکیان دوو بەرهەمی فەرهەنگیین، کە لە هەمان مەیل و ئاڕاستە دروستدەبن، هەروەها هەردووکیان ئامرازێکن بۆ ئەوەی مرۆڤ خۆی بناسێت و درك بە بوونی خۆی بکات، بۆیە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ئەفسانە و مێژوودا هەیە هەندێك جار دەبنە هاوبەش، ئەو حەز و تامەزرۆییەی مرۆڤ بۆ بنەڕەت و هۆکار و واقعی ئێستا، کە وا لە مرۆڤ دەکات بایەخ بە مێژوو بدات و بیخوێنێتەوە، هەر هەمان حەز بووە کە وای لە مرۆڤی کۆن کردووە، حەز بکات گوێ لە ئەفسانەکان بگرێت" (عەباس ٢٠٢١، ٢٨)، کەواتە ئەم تێکئاڵان و پێکەوە گرێدانە لە نێوان ئەفسانە و مێژوودا ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆنی هەیە. بۆیە ئەگەر مێژوو و ئەفسانە لە شێوازی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا لەیەك بچن، بەڵام لە هەندێ لایەنی تریشدا "ئەوەی ئەفسانە لە مێژوو جیادەکاتەوە ئەوە بەگوێرەی هزری نوێکار و چالاکییەکانی

مـرۆڤ یاسـاکانی پەرەسـەندن، بـزوێنەر و دروسـتکەری مێـژوون، بەڵام بە گـوێرەی هـزری میتۆلۆژی ئیرادە و ویستی کارەکانی خواوەندن مێژووی پیرۆز دروستدەکەن.

لەبەرئەوەیە پەیوەنـدی نێـوان مێـژوو و ئەفسـانە پەیوەنـدییەکی ئـاڵۆز و فرەڕەهەنـدە. دەکرێت لە چەند شێوەیەکدا بەرجەستە ببن وەك:

گۆڕینی ڕووداوە مێژووییەکان: ئەفسانەکان ڕووداوە مێژووییەکان وەک چیرۆکـی پـڕ مانـا و ئایـدۆلۆژی دەگـۆڕن و ڕووداوە سـادە و ئاسـاییەکان دەکـرێن بە چیرۆکـی قارەمانێتی، یان بەزەقی و گەورەکردنەوەی ڕووداوەکان بۆ دروستکردنی هەستی نەتەوایەتی

بـۆ نمـوونە جۆرەکـانی گواسـتنەوەی مێـژوو وەك: گێـڕانەوەی زارەکـی، چیرۆکـی پاڵەوانێتی و بەستنەوەی ڕووداوەکان بە کارە مەزنەکانی قارەمانان

ئامانجیش لەم گواستنەوەیە بۆ پاراستنی مێژووی نەتەوەیی و دروسـتکردنی هەسـتی شانازی و بەرگریکردن لە ناسنامەی کولتووری.

دیـارە ئەمەش بەم شـێوە هەوڵـی بەرجەسـتەکردنی دەدرێـت وەك: گرێـدانی ڕووداوە مێژووییەکان بە کارە نەریتی و ئایینییەکان و پاساوهێنانەوە بۆ ڕووداوە مێژووییەکان، یان دروستکردنی پەیوەندی نێوان ڕابردوو و ئێستا.

بێگومـان ئەمەش کـاریگەریی دەبێـت لەسـەر دروسـتکردنی هۆشـیاری مێژوویـی، بەهێزکردنی پێوەندی نەوەکان و گواستنەوەی بەهاکان و زانستە کۆمەڵایەتییەکان.

پەیوەندی مێژوو و ئەفسانە پەیوەنـدییەکی ئـاڵۆز و پـڕ لە کاریگەرییە، کە مێژوو دەکات بە چیرۆکی زیندوو و کاریگەر.

لێرەوە دەکرێت جیاوازی نێوان مێژوو و ئەفسانە لە دوو خاڵدا بخەینە ڕوو بەم شێوەیە:

١. مێژوو: ڕووداوی ڕاستەقینە و بەڵگەنەویستە، هەوڵدەدات لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانـدا بە شێوەکی زانستی و عەقڵانی باسیان بکات.

٢. ئەفسـانە: گواسـتراوەی زارەکـی و پـڕ لە ڕەمـز و مانـا، لە گێـڕانەوەی ڕووداوەکانـدا بەشـێوەیەکی خەیـاڵی و داهێنـراو بەپێـی کلتـوور و بیروبـاوەڕی ئـایینی، کە زیـاتر مەبەستی سەرەکی گواستنەوەی بەها کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانە.

لە ئەفسانەی کوردی خۆراساندا دەتوانین چەنـدین بـابەتی مێـژووی ببینـین، کە لە نـاوەڕۆکی ئەفسانەکاندا ڕەنگیانداوەتەوە لەوانە:

**کەسایەتییەکان:**

لە ئەفسانەی (شائیسماعیل و قەرەبەرزەنگی) داهاتووە:

**هەبوو نەبوو سەردەمی زوو پادشایەکی کورد هەبوو، کە ناوی شا ئەسڵان بوو و کوڕێکیشی هەبوو بەناوی شائیسماعیل (کانیماڵ، ٢٠١٩، ١٥٤)**

لەم ئەفسانەیەدا بەڕوونی ئاماژە بە دوو کەسایەتی کوردی دەکات، کە پادشای کوردان بوون بەناوی شائەسڵان و شائیسماعیل، کە هەر دووکیان گیرۆدەی داوی خۆشەویستی کچێکی شۆخ دەبن لە ژێر ڕەشماڵێکدا.

هەروەها لە ئەفسانەی (شا عەباس)دا هاتووە:

**شا عەباس چووە ناو مزگەوتەکەوە و سڵاوی کرد، دەروێشەکان وەڵامیان دایەوە و گوتیان: بەخێرهاتی سەرچاو، بەڵام ئێمە تاکوو ئێستا نەمانديويت، لە کوێوە هاتوویت؟**

**شا عەباس گوتی: ڕێگای دوورم بڕیوە. لە خۆراسان و ئازەربایجان و گیلان و دەیلەم و کوردستان و هەمەدانەوە تێپەڕیوم تا گەیشتوومە ئێرە** (کانیماڵ، ٢٠١٩، ١٤٥)

لەم پارچەیەدا، کە لەئەفسانەکەدا وەرمانگرتووە باسی کەسایەتی شاعەباسی سەفەوی دەکات، ناوبراو پێنجەمین پادشای سەفەوییەکانە کە لەساڵانی ١٥٨١-١٦٢٨ی زایینی حوکمی کردووە، جیا لە ناوی کەسایەتی باش هەست دەکەین بەجۆرێك لە جۆرەکان باسی میهرەبانی و تێکەڵاوی پادشا بکات، کە چۆن شەوان ئاوێتە و تێکەڵی خەڵکانی جۆراوجۆری ژێر دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتییەکەی دەبێت، جیا لەوەی بەڕوونی ناوی چەند شوێنێك دەهێنێت لەناویاندا کوردستان، ئەمەش بەڵگەی زیندوویی ناوی کوردستان وەك بەشێکی تری نیشتیمانی کوردان لە ئەفسانەی کوردیی خۆراساندا. هەروەها لەئەفسانەی (یاریکردنی شاعەباس بە تەختە نەرد)دا هاتووە:

**بەڵام پیاوە هەژارەکە گوتی: ئێرە باشترە و ئەو شەویش تێدەپەڕێ، مەگەر نەتبیستووە دەڵێن، شەوی سمۆرەیش تێدەپەڕێ و قەراغی تەندووریش تێدەپەڕێ** (کانیماڵ، ٢٠١٩، ١٩٤)

ئەگەرچی لێرەدا بەڕوونی ناوی کەسایەتییەکە نەهاتووە بەڵام لە گفتوگۆی نێوان ئەم دوو کاراکتەرە ئاماژە بە وتەیەکی "سوڵتان مەحموودی غەزنەوی (٤٢١ ی هەتاوی) دەکات، کە شەوێك ناچار لە قەراغ تەندوورێکدا ڕۆژی کردەوە و گوتی: شەوی سمۆرەیش و تێپەڕی و قەراغی تەندووریش تێپەڕی" (کانیماڵ، ٢٠١٩، ١٩٤). ئەمەش بەڵگەی زیندوو

مانەوەی ناو ناو بانگی ئەم کەسایەتییە مێژووییەیە کە وەك هێمایەك لەناو ئەفسانەی کوردیی خۆراساندا ڕەنگی داوەتەوە.

**شوێن و شێوەی ژیان و زمان**

لە ئاماژەدان بەشوێن و شێوە ژیاندا لە ئەفسانەی (شا ئیسماعیل و قەرەبەرزەنگی)دا هاتووە:

**شا ئیسماعیل لە پیرەژنەکەی پرسی: ئەدی دایە گیان! ئاخۆ لەو شارەدا کۆچەری هەیە زستانان بار بکات و بچێتە نزیکی بەغداوە؟**

**پیرێژنەکە گوتی: بەڵێ هەیە ئەوان هۆزێکن و ماوەی پازدە ڕۆژە لە کۆچی زستانێ گەڕاونەتەوە و لە نزیکی شیرازدا ڕشماڵێیان هەڵداوە** (کانیماڵ، ٢٠١٩، ١٧١)

لێرەدا جگە لەوەی ئاماژە بە شوێن دەکات لە ئەفسانەکەدا، کە ئەوانیش شاری شیراز و بەغدادن هاوکات ئاماژە بە شوێن گۆڕینی خێڵە کۆچەرییەکان دەکات بەپێی هاوین و زستان لەنێوان ئەم دووشارەدا. هەروەها لە ئەفسانەی (جێگری شاعەباس)دا هاتووە:

**لەنێو ئاپۆرەی خەڵکدا، کە لەسەربان و لەنێو کۆڵانەکانی شاردا پلەزیقانیان بوو، هاتنە ناو کۆشکی چل ستوونەوە** *(کانیماڵ، ٢٠١٩، ٢٥٠)*

لێرەدا ئاماژە بە کۆشکێکی مێژوویی دەکات، کە چل ئەستوونی هەبووە لە شاری ئیسفەهان جارێکی تر وەك مەزراندن لەناو ئەفسانەکاندا بەکار هاتۆتەوە، هەروەها لە ئەفسانەی (شائیسماعیل و قەرەبەرزەنگی)دا باسی یەکەی پێوانە دەکات و هاتووە:

**قەرەبەرزەنگی گوتی: ئێستا دەبێت هونەری ئەم پیاوە لە پڵاو خواردندا ببینم.**

**پاشان پارووییەکی هەڵگرت بە ئەندازەی <u>دە سیر</u>**

**شا ئیسماعیلیش پارووییەکی هەڵگرت دوو قاتی ئەو و بە ئەندازەی <u>نیو مەن</u>"**
(کانیماڵ، ٢٠١٩، ١٦٨)

هەروەها لە ئەفسانەی (گوڵپەری)دا هاتووە

**پادشا بە سوارەکانی گوت: حەیفە ئەم مەرارە کوژرێت، دەبێ بە زیندوویی بیگرین و بیبەینەوە بۆ شار، بەلام ئەر لە دەستی هەر کەسێکەوە هەلات، <u>گاوەسەر</u> دەکرێت و ماڵەکیشی هەڕاج دەکرێت** (کانیماڵ، ٢٠١٩، ٨٨)

ئەگەر سەرنجی ئەم دووپارچەیەی سەرەوە بدەین وشەکانی (دە سیر، نیومەن) وەك یەکەی پێوانەی ئەو قۆناغە مێژووییە کە خەڵکی بەکاریانهێناوە ئاماژەی پێکراوە،

هەروەها وشەی (گاوەسەر) بەکارهاتووە، کە لەسەردەمی سەفەویەکاندا بەکاریانهێناوە، کە گورزێکی بچووك بووە و بەوە لەسەری تاوانباریانداوە و لەلایەن دەسەلاتەوە بۆ سزادانی خەڵکی بەکارهاتووە.

لە ئەفسانەی (شا ئیسماعیل و قەرەبەرزەنگ) دا هاتووە:

**شائیسماعیل لای خۆیەوە گوتی: ئەگەر توومار خۆشی ویستبێتم، نیشانەیەکی بۆ جێ هێشتووم، باشتر وایە بچمە جێگەی ڕەشماڵەکە، بەڵکو نیشانەیەك بدۆزمەوە. شا ئیسماعیل چوو بۆ جێگەی ڕەشماڵەکان و گەیشتە جێگای ڕەشماڵی باوکی توومار و کاغەزێکی بینی، کە لەژێر گاشە بەردێکەوە دیارە.** *توومار بۆی نووسیبوو:*

**مندە درد حالم یازدیم کاغەزە**
**ایولریمز کولچری گیتدی شیرازە**
**وادە قویدیم سنلان من اوچ اییازە**
**دور مەگلگین ردیمدن، شا اسماعیل** (کانیماڵ، ٢٠١٩، ١٥٨)

ئەم شیعرە بەزمانی توورکی نووسراوە و توومار چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە بۆ پادشا و پێی دەڵێت وەزیر باوکی وا تێگەیاندووە، کە دەبێت باربکەن و بڕۆن، بە پادشا دەڵێت ئەگەر مەبەستتە بەدوامدا بێیت وەرە بۆ شیراز " لەو شیعرە تورکییەدا دیارە توومار لە هۆزی قەشقاییەکانی شیرازبووە، نەك عەرەب. دیاریشە بەم هۆیەوە، کە زمانی تورکی لەسەدەی هەشتی کۆچیدا لە ئێراندا باوبووە،... شیعرەکانی چیرۆکەکە تورکییە و لەناو کوردەکانی کورمانجدا باوە" (کانیماڵ، ٢٠١٩، ١٥٨) بەگشتی لێرەدا لەڕووی مێژووییەوە بەچەند سەرەداوێکی گشتی دەگەین لە شێوەی ژیانی ئەو دەمی خۆراسان وەك: بوونی هۆزە کۆچەرییەکان و هاتوچۆیان و شێوەی ژیان و بەکارهێنانی یەکەی پێوانە و زمانی نووسین و ئاڵوگۆڕی نامەی نیوانیان، کە ئەمانە جێکای بایەخن و گرنگی خۆیان هەیە.

**بەشی سێیەم:**

**ئەفسانە، پەروەردە**

لە ئەفسانەکاندا، پەروەردە چەندین ڕەهەندی گرنگی، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین، کە چەمکی پەروەردە زیاتر وەک گواستنەوەی زانست و ئەزموون دەبینرێت، بەڵام ئەوەی ڕوونە فێربوون پرۆسەیەکی بەردەوام و گشتگیرە، کە گرنگترین سەرچاوەکانی لە بنەماڵە و خێزانەکان و پیران و زانایان ئەویش لەچوارچێوەی گواستنەوەی زانست و ئەزموونەمانی پێشینان بۆ نەوەکانی داهاتوو، کە خۆی گێڕانەوەی بەسەرهاتی قارەمانانندا دەبییەوە بۆ گەنجان و مێردمندالان تا وەك نموونەیەکی بالا چاوی لێبکەن و شوێنی

بکەون، بێگومان ئەمەش بە ئامانجی پاراستنی کەلتوور و نەریت، گەشەپێدانی بەهای مرۆڤایەتی و ئامادەکردنی تاک بۆ ژیانی کۆمەڵگا بۆ فێربوونی ئەرک و بەرپرسیارێتی و پەروەردەی ئەخلاقی و ڕۆحی.

کۆی ڕۆڵی پەروەردە کارکردنە لە پێناو دروستکردنی هاوڵاتیی باش و گواستنەوەی بیروباوەڕ و زانستی کۆمەڵگا و پاراستنی ناسنامەی کۆمەڵایەتی، کە بۆ ئەم مەبەستەش بەگشتی دەتوانین چەند بنەمایەك دەستنیشانبکەین وەك: ڕێز گرتن لە پیران، گرنگیدان بە ئەزموون و پەروەردەی گشتگیر بۆ هەموو تاکەکان و گرنگیدان بە لایەنە ڕۆحی و مرۆڤایەتییەکان، بەگشتی، پەروەردە لە ئەفسانەکاندا ڕۆڵێکی بنەڕەتی و گرنگی هەبووە بۆ پاراستن و گەشەپێدانی کۆمەڵگا.

جۆزیف کامبڵ لەم ڕووەوە بڕوای وایە کە ئەفسانە ئەم دەورەش دەگێرێت و دەڵێت: " ئوستورە ئەوە دەورەش دەگێڕێت، کە پێموایە ئەمڕۆ دەبێت هەمووومان تێیدا بەشداربین — دەوری پەروەردە و ڕاهێنانە ئەوەش باس لەوەدەکات چۆن دەتوانین لە هەلومەرجێکدا، ژیانێکی مرۆڤانەمان هەبێت؟ ئوستورەکان دەتوانن لەو پەیوەندییەدا زۆر شتمان فێربکەن" (کەمبێل ٢٠٢١، ٨٠). بێگومان ئەمەش لەچوارچێوەی بەها پەروەردەییەکان و سنوردانان بۆ هەڵسووکەوت و ڕەفتاری تاك لەئەفسانەکاندا ڕەنگدەداتەوە.

لەم ڕوانگەیەوە هەوڵدەدەین لەم بەستێنەشدا هێڵەگشتییەکانی بنەما پەروەردەیی و فێرکارییەکان لە ئەفسانەی کوردیی خۆراسان دەستنیشان بکەین.

ئەگەر بمانەوێت چەند نموونەیەك لەسەر پەروەردە و ڕاهێنان یان ئەزموون وەربگرین لەناو ئەفسانەکاندا ئەوا دیمەنی جۆرا و جۆرمان بەردەست دەکەوێت وەك لە ئەفسانەی (شاسوڵتان مار و دلۆڤان)دا هاتووە:

**ڕۆژێکیان دایکی شا سوڵتان مار بە دلۆڤانی گوت: بچۆ بۆ ماڵی خوشکم و مەقەستەکەی لێ وەربگرە و بیهێنە بۆم.**

**دلۆڤان کەوتە ڕێ بچێت، بەڵام شا سوڵتان مار بە دزییەوە چوو بۆ لای و گوتی: باش گوێ بگرە چ دەڵێم و جگە لەوە کارێکی تر نەکەیت، دەنا پورم دەتناسێتەوە و دەتکوژێت. کاتێ دەچیتە ماڵی پورم، دوو حەوز دەبینی کە یەکێکیان ئاوی خاوێنی تێدایە و ئەوی تریش خوێن و پیسایی. ئەوسا پورم لێت دەپرسێ: کامە حەوز ئاوی خاوێنی هەیە؟ ئاماژە بە حەوزە بکە و بڵی چەندە ئاوێکی زوڵاڵ و خاوێنی هەیە. پاشان پێت دەڵێ، تویی قژەکانم بپشکنە و ئەگەر ڕشك یان ئەسپێت بینی، بیانگرە و بیانکوژە. ئەگەریش داوای لێکردی قژی لایەك لەسەری بپشکنی، ئەتۆ قژی**

**هەردوو لاکەی بپشکنە، پاشان دەچیتە ژوورێکەوە دوو دەرکە هەیە یەکیان ئاوەلایە و ئەوی تریشی داخراوە، دەرکە ئاوەلاکە دابخە و دەرگە داخراوەکە بکەرەوە**
(کانیماڵ، ٢٠١٩، ١٢٤)

لەم پارچەیەدا چەند هەنگاوێکی گرنگی تێدایە کە خۆی لە پەروەردە و ڕاهێناندا دەبینێتەوە بنەڕەتی بەسەرهاتەکە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و مارە، دلۆڤان هاوسەری شای مارانە و دایکی شای ماران لەگەڵ خوشکەکەی، کە دەکاتە پوری شای ماران پلانی کوشتنی دلۆڤان دادەنێن، بەلام شای ماران بەسێ هەنگاو، دلۆڤان لەسەر هونەری وەلامدانەوە ڕادەهێنی و بەو جۆرە پەروەردەی دەکات، کە وەلامی ئامادەکراوی پێدەدات و لە ئەنجامدا ڕزگاری دەبێت، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە پەورەردەکردن و هونەری وەلامدانەوە و شێوازی خۆ ڕزگارکردن لە هەر مەترسییەك ڕێگاو ڕێکاری خۆی هەیە و بەمەش دەبێت سوود لەئەزموونی ئەوانی تر وەربگێرێت.

لە ئەفسانەی (یاریکردنی شا عەباس بە تەختە نەرد)دا هاتووە:

**پیرەمێردەکە گوتی: ڕۆڵە گیان پیاوێکی هەژاری شێتم هاوڕێ بوو کە بەقسەی قۆڕ مێشکی بردم.**

**کچەکەی پرسی چی پێ گوتی؟**

**باوکی گوتی: تەرمێکیان بەرەو گۆڕستان دەبرد، لێی پرسیم، ئەمە زیندووە یان مردوو؟ ئەمنیش گوتم ئەگەر زیندووبا خۆ بۆ گۆڕستانیان نەدەبرد. پاشان گەیشتینە گەنمەجاڕێ، کە هێشتا گەنمەکەیان دروێنە نەکردبوو، ئەمجارە پرسی، ئاخۆ خاوەنی ئەم گەنمە، گەنمەکانی خواردووە یان نە، ئەگەر نەیخواردبێ، بەشی ساڵێکی دەکات. ئەمنیش گوتم، ئەم گەنمە هێشتا درۆینە نەکراوە، چلۆن دەکرێ خاوەنەکەی خواردبێتی؟ پاشان گەیشتینە ڕووبارێ. دیسانەوە گوتی، وەرە لەسەر ڕووبارەکە پردێك ساز بکەین. ئەمنیش گوتم، ئێمە هیچ کەرەستەیەکمان نییە، چلۆن دەتوانین پردێ سازبکەین، پاشانیش گەیشتنە نزێکی ئەم شارە و پرسی، ئاخۆ لەم شارەدا ئاوەدانی هەیە یان نە، گوتم مەگەر نابینی، کە ئێرە شارێکی ئاوەدانە، کاتێکیش ویستمان ماڵئاوایی بکەین، ئێستا کە خەریکی دەچیتەوە بۆ ماڵ، تۆزێ هێواشتر بچۆ** (کانیماڵ، ٢٠١٩، ١٩٢)

**کچی وریا و ژیری لێهاتوو وتی پیاوەکە قسەی ژیرانەی کردووە و تۆ لێی تێنەگەیشتوویت تا بزانی وەلامی دروستی بدەیتەوە سەبارەت بە تەرمەکە مەبەستی ئەمە بووە کە ئاخۆ ئەم مردووە چاکە و یادگارییەکی باشی جێهێشتووە کە پاش**

**مەرگی بەو هۆیەوە زیندوو بێت یان نە، دەنا مردووە. سەبارەت بە گەنمەجارەکەیش، مەبەستی ئەوە بووە ئەگەر خاوەنەکەی پێشوەخت بەقەرز نەیفرۆشتبێ بۆ خەرجی ساڵێکی بنەماڵەکەی بەسە، دەنا ئەگەر پێش وەخت فرۆشتبێتی هیچی بۆ نامێنێتەوە. ئەوەیش گوتوویەتی لەسەر ئەم رووبارە پردێ ببەستین، مەبەستی ئەمە بووە یەکتان قۆڵی هەڵکات و ئەویتر لە کۆڵ بگرێت. لە رووبارەکە بیپەڕێنتەوە، سەبارەت بە ئاوەدانی شارەکەیش پرسیبووی، مەبەستی ئەوە بووە ئاخۆ لەم شارەدا کەسێك هەیە میوان بباتەماڵەوە یان نە، چونکە ئەگەر شوێنێك میوان وەرنەگرێت ناکرێ پێی بڵێین ئاوەدانە بەڵکو وێرانەیە. سەبارەت بە هێواش هاتنی تۆ بابە گیان! ئەگەر هێواشتر بهاتبای ئەمنت بەڕووتی نەدەدی و ئەمنیش دوای خۆشۆردنم جلەکانم لەبەر دەکرد و ئیدی شەرمەزار و تاوانبار نەدەبووین** (کانیماڵ، ٢٠١٩، ١٩٣)

ئەگەر سەرنجی ئەم چیرۆکی گفتوگۆیە بدەین لەنێوان پیاوە هەژار و پیرەمێردەکە لەلایەك و گفتگۆی پیرەمێردی باوك و کچەکەی لەلایەکی ترەوە زۆر پەیامی قووڵ و فرە ڕەهەندی پەروەردەیی و پڕ ئەزموونی تێدایە، لە لایەك پێمان دەڵێت ژیری بە گەورەیی و بچووکی نییە. چونکە وەك دەبینین وەڵامی کچەکە زۆر ژیرانە و دانایانە تر بوو، بەراورد بە وەڵامەکانی پیرمێردێکی دونیادیدەی وەك باوکی، هەروەها لەهەمان کاتدا پێمان دەڵێت، ژیریی وەك چۆن بەگەورە و بچووکی نییە لە هەمانکاتدا بە رووکەش و شێوەش نییە، دەکرێت کەسێك لە ڕواڵەتدا پۆشاکێکی هەژارانەی لەبەر بێت بەڵام خاوەنی ژیریی و داناییەکی زۆر قووڵ و فراوان بێت. تا ئێرە پەندە پەروەردەییەکە لەوەدایە نە بەڕووکەش بخەڵەتێین و نە بە تەمەن، بەڵکو مرۆڤەکان شێوە و تەمەنیان چۆن و هەرچەندێك بێت ئێمە گوێیان بۆ بگرێن و سوود لە ئەزموونی ژیانیان وەربگرین.

سەبارەت بە ناوەرۆکی گفتوگۆکە هاندانی تێدایە بۆ چاکە و کاری جوان بۆ ئەوەی مرۆڤ بەنەمری بمێنتیەوە، کە ئەمەش بەهایەکی بەرزی مرۆڤایەتییە، کە گیانی چاکەکاری لە خۆماندا پەرە پێبدەین، هەروەها هانماندەدات بۆ بوونی پلان و بەرنامە ڕێژی بەوەی چۆن ئابوری سەرچاوەی بژێوی ژیانمان بپارێزین لە پێناو سوود لێوەرگرتن و مانەوەی خۆمان، کە ئەمەش بەهایەکی تری بەرزی مرۆییە. جیا لەوە بەسەرهاتی پەڕینەوە لە پردەکە مەبەست لێی چاندنی بەهای هاوکاری و گیانی کارکردنی پێکەوەییە ئەویش لە پێناو ڕزگاربوون لە مەترسییەکان و یارمەتی دانی ئەوانەی کە پێویستیان بە هاوکاری دەستگیرۆیی هەیە. هەروەها جەختکردنەوە لەسەر بەهای ڕێزگرتن و میواندۆستی بەهایەکی گرنگی کۆمەڵایەتییە، وەك نەریتێکی بەرزی کۆمەڵایەتی تا ئێستاش خانەدانی و میوان پەروەری جێگای شانازی کۆمەڵی کوردەوارییە، ڕێزگرتن و سنورپارێزی

نێوان باوك و منداڵ یان ئەندامانی خێزان ئەویش بەهایەكی تری گرنگی پەروەردەیی و ڕەوشتییە، كە ئەمانە تێكڕا لەو پرسیارەكانی كابرای هەژارەوە سەرچاوەی گرتبوو، وەڵامەكانی كچی ژیر و دانای پیرەپیاو گفتوگۆكەی تەواوكرد.

بۆیە دەكرێت بڵێت لەناوی ئەفسانەی كوردیی خۆراساندا چەندین بەهای پەروەردەیی و كۆمەڵایەتی بەرز ڕەنگیانداوەتەوە، جیا لەوەی چەنیدن ڕاهێنان و بنەمای پەروەردەكردن بەدی دەكرێن بۆ خۆ دەربازكردن لە مەترسییەكانی ژیان كە تاكەكان بەیەكتریان بەخشیوە، وێڕای ئەوەی سوود بینین لە ئەزموونی ئەوانی تر پایەیەكی گرنكی لایەنی پەروەردەییە لە ئەفسانەكاندا.

**بەشی چوارەم:**

**ئەفسانە و زانست و داهێنان**

داهێنان واتە هێنانە كایەی بیرۆكەیەكی نوێ، كە شتێكی نەبینراو و نەبیستراو بەرهەمبهێنێت سەرەتای هەموو داهێنانێكی نوێش بە خەیاڵكردن و تێفكرین دەستپێدەكات پاشان ئەم ئایدیایە دەگۆڕێت بۆ ئەفراندن و لەدایكبوونی بەرهەمێكی جیاواز جا ئەو داهێنانە لەهەر بوارێكی وەك تەكنەلۆژیا، زانست، بازرگانی، هونەر، پەروەردە و بواری كۆمەڵایەتی یان هەر بوارێكی تر بێت.

لەم ڕوانگەیەوە " ئەفسانە یەكەمین هەوڵدانە بۆ شیكردنەوەی جیهان لە مێژووی هزری مرۆڤایەتیدا، بە مەبەستی تێگەیشتنی لە ئاڵۆزی و نهێنییەكانی سروشت، بۆیە میتۆلۆژیا بایەخێكی گەورەی هەیە لە مێژووی هزری مرۆڤایەتیدا، كەواتە هزری ئەفسانەیی شێوازێكی گرنگی مرۆڤی سەرەتاییە بۆ زانست و تێگەیشتنی دیاردە سروشتی و كۆمەڵایەتییەكان، لەم شێوازەدا خەیاڵ تێكەڵ بە واقیع كراوە" (عەباس ٢٠٢١، ٨٥)

ئەفسانە ئەو فەرهەنگە لەمێژینەیەی مرۆڤایەتییە، كە بابەتگەلی هەمەجۆر و هەمەڕەنگ لە خۆ دەگرێت كە تێیدا خەیاڵی بەرفراوانی مرۆڤ و خواستەكانی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە هیوا و خەونەكان و سەركەوتن بەسەر هێزی خراپە و دژوارییەكاندا تێیدا، بەدی دەكرێت.

ئەگەر كاری زانست تویژینەوە و لێكۆڵینەوە بێت بۆ دۆزینەوەی نوێ یان تاقیكردنەوەی بیردۆزەكان بێت بۆ گەیشتن بەڕاستی و دروستی، یان لێكدانەوەی دیاردە سروشتییەكان یان داهێنانی ئامێر و تەكنەلۆژیای نوێ، یان گواستنەوەی زانیارییە نوێكان بۆ كۆمەڵگا بێت، كە سەرجەمیان بەرهەمی عەقڵ و ئاوەزی مرۆڤن ئەوا ئەفسانەش وەك زانست دەیەوێت لە دیاردە سروشتییەكان ڕابمێنێت و بگەڕێت بەدوای وەڵامدا. ئەفسانەكان

پەیامـدارن و هەڵگـری پەیـامی پەروەردەیـی و ئەخلاقـین و گوزارشـت لە عەقـڵ و بیـری کـۆ دەکەن.

جۆزێـف کامبـڵ دەڵێـت: "هـیچ نـاکۆکییەك نـابینم لەنێـوان زانسـت و میتۆلۆژیـادا، ئەمـڕۆ زانسـت لە پانتـاییەکی بەرفراوانـدا خەریـکی کـردنەوەی لایەنە نهێنییەکـانە، زانسـت ڕووی لەو شـوێنە کـردووە کە میتۆلۆژیـا باسـی دەکـات، زانسـت گەیشـتووەتە لێـوارەکەی." (کەمبێـل ٢٠٢١، ٢٨٠) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت زانسـت هەوڵـی گەیشـتن بەو نهێنیـانەی نێـو ئەفسـانەکان دەدات کە تائێسـتا ڕوون نـین ئامـانجی زانسـت و ئەفسـانەش، "جیهانناسـی و تێگەیشـتنی دیاردەکـانە، ئەفسـانە وەك زانسـت خەریکـی ئەوەیە، کە بەشـێوەیەك مـرۆڤ ئامادە بکات، کە کاریگەری بەسەر جیهانەوە هەبێت و دڵنیای دەکات، کە خاوەنی هێزی ماددی و مەعنەویی ئەم کارەیە." (حسن ٢٠٢٠، ٣٩٠).

هەروەهـا دەبێـت ئەو ڕاسـتییە لەبەرچـاو بگیرێـت، کە " ئامـانج و ئەرکـی ئەفسانەکانی ئافراندن، تەنها زانین و کەشفکردنی سەرەتاکان و نهێنی پەیدابوونی جیهان نیـیە، بەڵکـوو لە هەمـان کاتـدا تێڕامـان و تێگەیشـتنی هێـزە جیاجیـا و نادیارەکـانی گەردوونیشە، جگە لەوەی ڕۆڵی ئەفسانەکانی خەڵقبوون بریتییە لە دیاریکردنی جێگە و پـێگەی مـرۆڤ لەنـاو جیهانـدا، هەروەهـا دیـدگا و تێڕوانینـی مـرۆڤ بـۆ سروشـت و جیهـانی میتـافیزیکی دیاردەکـان" (عەبـاس ٢٠٢١، ٨٦) لێـرەوە ئەفسـانەکان خزمەتێکـی بەرچـاو بە مرۆڤایەتی دەکەن و ئاسۆی بیرکردنەوەمان فراوان دەکەن. کارل. گ. یۆنگ دەڵێت: "وێنە ئەفسـانەیی و ئاینییەکـان خـزمەت بە ئامانجگەلێـك دەکەن، کە پـێگەی ژیـان پـتەو دەکەن...ئەفسـانەکان بەزمـانی وێنەکـان قسـەمان لەگەڵـدا دەکەن، دەربـارەی هێزەکـانی دەروون، تا ئەو هێزانە بناسین و لەگەڵ ژیانماندا بیانخەینە پەیوەندییەوە...بۆیە ئەفسانە ناشێ و نابێ لەگەڵ ئەو دۆزینەوانەی، کە زانست بەدەستی هێناون جێگۆڕکێی پێ بکرێت زانست زیـاتر پەیوەنـدی بە جیهـانی دەرەوە هەیە، تـا جیهـانی نـاوەوە.." (کامبـڵ ٢٠٢٣، ٢٧) لەڕێـگەی ئەفسـانەکانەوە دەکرێت لە پەیوەندیـدا بـین لەگەڵ قـوڵایی ناخمـان، هەروەهـا یۆنـگ لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئەو کۆمەڵگەیەی کە ئەفسانەکانی خۆی بەرز دەنرخێنێت و دەیانپارێزێت، ئەو کـۆمەڵگەیە خـۆی بە بەدەسـەڵاتترین و دەوڵەمەنـدترین چینەکـانی ڕۆحـی مرۆڤـایەتی تێروپـڕ دەکـات." (کامبـڵ، ٢٠٢٣، ٢٧) بـۆیە دەبینـین ئەفسـانەکان سـەرچاوەیەکی بە پێـز و دەوڵەمەندن بۆ داهێنان و کاری سەرنجڕاکێش. ئەمە بە چەندین شێوە دەردەکەوێت:

داهێنانی ئەدەبی وەك: نووسینی ڕۆمان و چیرۆکی ئەفسانەیی، دروستکردنی دنیای خەیـاڵی لەسـەر بنەمـای ئەفسـانەکان، نووسـینی شـانۆنامە و شـیعر بە ئیلهـام وەرگـرتن لە

ئەفسانەکان. هەروەها هونەرە سەرنجڕاکێشەکانی تری سینەما و فیلمسازی، وێنەکێشان، مۆسیقا و شانۆی جۆراوجۆر.

جگە لە کاری هونەری وەك: پەیکەرتاشی، نیگارکێشان، دیزاین، یان توانای گواستنەوەی زانست و داهێنانی تەکنەلۆژیا و بیرۆکەی زانستی و گەڕان بە دوای زانستی نوێ، یاخود لێکدانەوەی سیمبۆلەکان و دروستکردنی جیهانی نوێ بۆیە دەکرێت بوترێت: ئەفسانەکان کانگایەکی بەپێزن بۆ داهێنان و دروستکردنی شتی سەرنجڕاکێش لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.

ئەفسانەی کوردیی خۆراسانیش بەدەر نییە لەم کاری داهێنانکارییە و دەکرێت نموونەی بەرچاویان لێبخەینە بەردەست، وەك لە ئەفسانەی (گوڵپەری)دا هاتووە:

**پیرێژنەکە گوتی: بەڵێ دەبێ ئێوە فەرمان بدەن سندوقێك سازبکەن و لە هەردووك لاوە قەنەکە (قرقـرە)ی بـۆ ببەسـتن و سـەرێکی ئەم گلـۆڵەقژە بەیەکێـك لە قەنەکەکانەوە ببەستنەوە و سەرەکەی دیکەیشی بەو قەنەکەکەی دیکەوە. ئەو سەری قژەکە ڕادەکێشم و سندووقەکە دەچێتە ئاسمان و کاتێکیش بمەوێت بنیشمەوە، سەر قژی قەنەکەکەی دی ڕادەکێشم لەسەر زەوی دادەبەزم، ... پاش سێ حەوتە، سندووقەکەیان سازکرد و پیرێژنەکە سواری بوو، دەرکەکەی پێوەدا و سەری قژەکەی ڕاکێشا و قەنەکەکە سووڕایەوە و سندووقەکەیش بە هێمنی هەڵفڕی (کانیماڵ، ٢٠١٩، ٩٥)**

لەم ئەفسانەیەدا بیرکەی داهێنانی فڕین بە ئاسماندا بەڕوونی بەرجەستە بووە، وێڕای ئەوە پلانی دروستکردن و جێبەجێکردنیشی داڕێژراوە تا دەگاتە قۆناغی فڕین و نیشتنەوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا چ وەك بیر، یان پلان، یان جێبەجێکردن دەستەکەوتێکی زانستی گەورەیە وێڕای ئەوە بیرۆکەیەکی گرنگی داهێنانە و ئەمەش نیشانەی بوونی نوێگەرییە لە ئەفسانەی کوردیی خۆراساندا.

لە ئەفسانەی (چل ئستران)دا هاتووە:

**بە براکەت بڵێ بچێت و داری چل ئسترانت بۆ بێنێت، کە هەر لقێکی ڕاژێنی، ئاهەنگ و سترانێکی لێوەدێت و دەتوانێ ڕۆژی چل ئاهەنگت بۆ بژەنێ و لە تەنیایی و نیگەرانی ڕزگارت بکات** (کانیماڵ، ٢٠١٩، ١٣٤)

داهێنان لە هونەر و مێوزیك و بیرکردنەوەی قووڵ لە ئاوازی جۆراوجۆر لەناو ئەفسانەکاندا بەرچاو و ڕوونە ئەمە نموونەیەکە لەو بیرە داهێنانکارییانە، کە وێنەی ئەوە دەکات دەرخێتکی ئەفسانەیی هەیە ڕۆژانە دەتوانێت بەو شنە بایەی لە سورشتدا لە لق و پەل

و گەلاكانی دەدات چل ئاوازی لێك جیاواز بەرهەم بهێنێت، كە لەیەكدای نەچن و ڕۆژی دواتر چل ئاوازی تر كە لەڕۆژی پێشووی نەچێت ئەمە ئەگەر لە ئەفسانەكاندا جۆرێك بوو بێ لە خەیاڵ هانی مرۆڤی ئەمڕۆ دەدات هەمیشە بیر لە داهێنانی نوێ و ئاوازی نوێ بكاتەوە و لە ئەنجامدا بەرهەمی نوێی مێوزیكی هەبێت.

بەشێوەیەكی گشتی لە بوارەكانی زانست و داهێناندا چەندین بیرۆكە و بەڵگەی زانستی و هونەری لەناو ئافسانەی كوردیی خۆراساندا بەرچاو دەكەون، كە بە شێوەیەكی زۆر باش مەزرێنراون وەك: بیرۆكەی فڕین، هونەری داهێنانی ئاوازی هەمەڕەنگی میوزیك، هونەری ڕستن و چنین و بیناسازی و نرخدانان بۆ كەسانی خاوەن بیر و دەست ڕەنگین و هونەرمەند.

**بەشی پێنجەم:**

**ئەفسانە و هەستی نەتەوایەتی**

ئەفسانەكان ڕۆڵێكی گرنگ و بایەخداریان هەبووە لە پاراستن و گواستنەوەی هەست و ناسنامەی نەتەوەیی، ئەفسانەكان زۆرجار باس لە قارەمانیەتی و پاڵەوانی قارەمانەكانی نەتەوەكان دەكات كە ئەمەش گوزارشت لە یەكگرتوویی و یەكڕیزی نیشتمانی دەكات، هەروەها ئەفسانەكان ڕۆڵێكی گرنگیان هەبووە لە پاراستنی زمان و نەریتەكانی هەر گەل و نەتەوەیەك ئەمەش هۆكاری سەرەكی بووە بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی، "ئەفسانە توخمێكی بنەڕەتی ڕۆشنبیری مرۆڤە و لە ناوەرۆكیشدا ڕاستەقینەی وێنە خودییەكانی میللەت نیشان دەدات، ... كەسایەتی بابەتە ئەفسانەییەكان جۆراوجۆرن و شێوەی گێڕانەوەیشیان جیاوازە و لە مێژووی نەتەوە جێی خۆی گرتووە، بۆیە ئاركیۆناسەكان لە چوارچێوەی زانستی خۆیانەوە دانیان بەو ڕاستییەدا ناوە كە ئەفسانە بیر و ژیریی نەتەوەیە گێڕانەوەی ڕووداوە ڕاستەقینە و سەرزارییەكانیش فۆڕمێكی نەتەوایەتییان پێوە لكاوە تێكەڵی بیری میتۆلۆژی نەتەوایەتی دەبن" (بێخاڵی ٢٠١٣، ٤٣) وێڕای ئەوەی لە ئەفسانەكاندا تێكۆشان و بەرخۆدان دژی داگیركەران و پاراستنی خاك و نیشتمان بەرچاودەكەون، تێكڕای نەتەوە بەرانبەر بە داگیركەرێك یان داگیركەران ڕووداوی ئەفسانەی هەمەجۆر لەناو گەلاندا بوونیان هەیە.

لەبەرئەوەیە، كە ئەفسانەكان وەك ئاوێنەیەك وان بۆ نیشاندانی تایبەتمەندی و جیاوازی نەتەوەكان كلۆد لیگی شتراوس دەڵێت: "بڕواناكەم كولتوورەكان بەشێوەیەكی سیستماتیك یان بە میتۆدی تایبەت هەوڵی ئەوەیان دابێت خۆیان لە یەكتری جیا بكەنەوە لە ڕاستیدا ئەوەیە لە ماوەی سەدان هەزار ساڵ ژمارە و گرووپگەلی مرۆیی بچووك لە گۆشە و جێگەكانی جیهان بە دابڕاوی لەسەر ئەم زەوییە دەژیان بۆیە ئاسایی بووە تایبەتمەندییە

تایبەتییەکانی خۆیان گەشە پێبدەن و لەیەکتری جیاواز بن" (شتراوس ٢٠٢٠، ٤٥) هەر نەتەوەیەك ئەفسانەی تایبەت بەخۆی هەیە و گوزارشت لە مێژوو کلتور و هەستی نەتەوایەتی دەکات.

بەڵگە نەویستە، کە ئەفسانەکان ڕۆڵێکی بنەڕەتی و فرەڕەهەندیان هەیە لە پێکەوەگرێدانی هەستی نەتەوایەتی:

ئەویش لە یەکخستنی زمان و کەلتوور، گواستنەوەی میراتی کولتووری، پاراستنی زمان و گیانی هاوبەش و دروستکردنی زمانێکی هاوبەش بۆ گشت پارچەکان.

هەروەها دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە بەرجەستەکردنی ناسنامەی هاوبەش، نیشاندانی مێژووی هاوبەش، پەروەردەکردنی هەستی هاوپێوەندی نەتەوەیی و دروستکردنی هەستی شانازی بە ڕەگەز و نەتەوە.

جیا لەوەی ئەفسانە چەترێکی گرنگە بۆ یەکخستنی بیرکردنەوە، پێکەوەگرێدانی بیروباوەڕ، بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی یەکگرتوویی، دروستکردنی ئامانجی هاوبەش بۆ نەتەوەیەکی دیاریکراو.

هەموو ئەمانەش دەبنە مایەی زیندووڕاگرتنی بیرەوەری نەتەوەیی، پاراستنی مێژوو، گێڕانەوەی چیرۆکی قارەمانێتی و بەردەوامبوونی مێژووی نەتەوەیی، ئەویش لە پێناو بەرگری کولتووری، پاراستنی زمان، بەرگری لە ناسنامەو دژایەتیکردنی توانەوە و لەناوچوون.

ئەمانەش کاتێك بەدەست دێن کە لەڕێی ناوەڕۆکی ئەفسانەکانەوە توانرابێت یەکسانی و هاوپێوەندی، دروستکردنی هەستی برایەتی، کەمکردنەوەی جیاوازییەکان و گرنگیدان بە یەکگرتوویی نێوان تاکەکان دەستەبەر کرابێت.

سەرەنجام دەتوانرێت ڕۆڵی دەروونی لە دروستکردنی متمانە، بەهێزکردنی ئیرادەی نەتەوەیی و گەشەپێدانی هەستی هاوبەش بهێنرێتە دی. بێگومان بۆ گەلی کورد بەتایبەتی، ئەفسانەکان وەك پردێکن بۆ پێکەوەبەستنەوەی پارچە جیاوازەکان و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی.

لەم ڕووەوە لە ئەفسانەی کوردیی خۆراساندا دەتوانین چەند هێڵێکی گشتی دیاری بکەین، کە لەچوارچێوەی بازنەی نەتەوایەتیدا جێیان دەبێتەوە و گرنگییەکی زۆریان هەیە بۆ ئەمرۆمان لەوانە:

**زمان و شوێن و سنور**

ئەمانە لەگرنگترین پایەکانی یەکخستنی نەتەوەن، کە خۆی لە یەکییەتی خاك و زماندا دەبینێتەوە لەم ڕووە لەچەند ئەفسانەیەکدا ناوی شارە کوردییەکانی خۆراسان هاتووە و سنوری نێوان خۆراسان و هاوسێکانی دیاری دەکات وەك لە ئەفسانەی (کلك زەنگۆڵەیی)دا هاتووە:

**پیرەژنێك باخێکی هەبوو، کە بە هاوکاری مێردەکەی سنجووەکانی دەچنییەوە و بە ماوەی چەند ڕۆژێك لە بەر تێشك و ڕووناکی خۆرەوە دای دەنان، کە باش سووربن و پێبگەن، پاشان کۆی دەکردنەوە و لە کیسەی دەکردن و دەیبردنە بازاڕی __شیروان__ و دەیفرۆشتن هەروەها لە هەمان ئەفسانەدا هاتووە: ڕەنگە پوورە گوڵبەهار مریشك و کەڵەشێرەکەی لە بیرنەمابێ و ئەگەریش لەبیری بێت، دەڵێم ئەمن غەریبم و دەمێکە لە دەشتی قوچانەوە هاتووم و ئەوە کار من نەبووە** (کانیماڵ، ٢٠١٩، ٢٥، ٢٨)

لەم دوو پارچەیەدا ناوی دوو شاری کوردیی ناوچەی خۆراسان دەهێنێت، کە ئەوانیش شاری شیروان و قووچانە، کە هەردووکیان دووشاری کوردیی و زۆربەی دانیشتوانەکەیان کوردن. هەروەها لە ئەفسانەیەکی تردا هاتووە:

**زەڕینتاج داواکارێکی دیکەیشی هەبوو، کە کوڕی پادشای __ئەرزڕۆم__ بوو** (کانیماڵ، ٢٠١٩، ٨٠)

ئەرزڕۆم بەکوردستانی باکور دەوترێت، ڕوونە، کە بەشێکە لە کوردانی خۆراسان لەسەردەمی سەفەوییەکان کۆچیان پێکراوە بۆ ئەم ناوچەیە، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە خاك و شوێن لە ئەفسانەکانیاندا لەبیرنەکراوە و سەرلەنوێ بەگەڕخراوەتەوە، جیا لەوە هێڵی ئەو پەیوەندییە لە ڕێی خەیاڵی دروستکردنەوەی خێزان و هاوسەرگیرییەوە دەویسترێت جارێکی تر بونیاد بنرێتەوە و ئەمەش ڕێگایەکی گرنگی یەکخستنی نەتەوەیە لە هەر پارچە و بەشێکی نیشتیماندا بێت، ئەم بە زیندوو مانەوەیە هەر ئەوە نییە بەناو هێنانی شارێك یان شوێنێکی نیشتیمان بێت، بەڵکو دەبینین لە گۆرانیی و دەربڕینی شادییەکانیاندا زیاتر ڕۆدەچن و بەشێوەزاری کرمانجی و بەدەنگی بڵند ئەم گۆرانییە دەچڕن و دەیڵێنەوە:

**"وەلاتی مە ئەرزەڕوومە**
**وەك لۆ و توو گوڵ و توومە**
**هەف ساڵن ئەز، ژی جی بوومە"** (کانیماڵ، ٢٠١٩، ٨٠)

هەروەها لە ئەفسانەکانی تردا لە بارەی شوێن و دیاریکردنی سنوورەوە هاتووە:

**ڕەشماڵی ئاژەڵدارانی کرمانج لە شاخە سەرسەوز و پڕ گوڵ و بژوێنەکانی ئارمووتلی و کیسمار هەڵدرابوون. چێوار لە شار و گوندەکانی دوور و نزیکەوە دەهاتن یان لەبارەی سنووری خۆراسان لەگەڵ مەشهەد هاتووە: پاش نێوەڕۆ کە براکەت لە ڕاو گەڕایەوە، داوای لێبکە تا لە لەوەڕگەکەی پادشا کە لەسەر کێوی هەزار مەچیتە ماینی چل بێچووت بۆ بێنێ** (کانیماڵ، ٢٠١٩، ٢١٦، ١٣٧)

ئەگەر سەرنج بدەین لەم دوو پارچەیەدا ناوی چەند شوێنێکی خاکی کوردان دەهێنێت دووشوێنی یەکەم بریتین لە لەوەڕگاکانی خێوەتنشینانی کوردی "سیوکانلوو، ڕوودکانلوو،تووپکانلوو و هێزولانلوون، کە دەکەونە باکوری ڕۆژ ئاوای شاری قووچان" (کانیماڵ، ٢٠١٩، ٢١٦) سەبارەت بە شوێنی دووەم، کە کێوی هەزار مەچیت یان هەزار مزگەوتە، ئەمەیان "زنجیرە چیایەکە لە باکوری پارێزگای خۆراساندا، کە ناوچەکانی دەرگەز و لاین و کلات لە دەشتی مەشهەد و قووچان جیادەکاتەوە.

هەرچی پەیوەستە بە زمان و شێوەی ئاخاوتنەوە لە ئەفسانەکانی (کلک زەنگۆڵەیی) و (گوڵپەری)دا چەندین دەستەواژە و ئیدیۆمی تایبەت بە کوردانی خۆراسان بەکارهاتووە وەك:

**پیرەژنەکە گوتی: ڕیقی! ڕیقی! وەرە، ئیك دەگیشتنە**

**ڕێوەکە گوتی: نیمە، نیمە، گونی نە من بریشتنە!**

**یان هاتووە: پادشا لەگەڵ چەند جەنگاوەر و سوار چاکدا، لەو دەروازەیەوە تێپەڕین و ڕۆیشتن، گەیشتنە مێرگ و چیمەنێکی زەمەند و پڕ گوڵ و لەسەر کانییەکەوە <u>مەرارێکی</u> زۆر جوانیشیان بینی، کە خەریکە دەلەوەڕێ،... سێ کۆتر هاتن و لەسەر دارەکە ڕۆنیشتن یەکێك لە کۆترەکان بە وانی دیکەی گوت: خانگی، <u>خانگی</u> جان! کۆترەکانی تر گوتیان: جانی، <u>خانگی</u> جان** (کانیماڵ، ٢٠١٩، ٨٧، ٩٠)

ئەگەر سەرنج بدەین لەو نموونانەی وەرمان گرتوون ئیدیۆمەکانی کوردانی خۆراسان بە شێوەی کرمانجی و وشە و دەستەواژە کرمانجییەکان بنەڕەتییەکان لەناو ئەفسانەکاندا بەگەڕخراون و نووسراونەوە، ئەمەش وەك پردێکی بەهێزی نەتەوەیی و ڕایەڵی پێکەوەگرێدانی شێوەزارەکان و کوردانی پارچەکانی تر سوودی لێوەردەگیرێت و دەکرێت لە گەڵ چەندین خاڵی تری هاوبەش بکرێنە چەتری یەکخستن و یەکبوونی نەتەوە.

**نەریتی نەتەوەیی کوردانی خۆراسان: ئامێر و ئاواز و گۆرانی**

یەکێکی تر لە پایەگرنگەکانی یەکخستنی نەتەوە داب و نەریتە، شێوەی زەماوەند و هونەرە، ئامێرەکانی مێوزێکە لەم ڕووەوە چەندین نموونەی بەرچاو هەن لەوانە لە

ئەفسانەكانی (كلك زەنگۆڵەیی) و ( درەختی چل ئستران) و (جێگری شا عەباس)دا هاتووە:

**كاتێ گەیشتنە لای كانییەكە، خانجوو دەستیكرد، بە ژەندنی هەوای ئەڵڵا مەزار، ...خانجوو و نەجووی عاشق، ئاهەنگی یەك قەرسە، دوو قەرسە، ئەنارەكی، شەش قەرسە، گوڵخونچە یان ژەند و هێشتا ئاهەنگی گوڵخونچە كۆتایی نەهاتبوو لە ناكاو ئاوی كانیی زێڕ، قوڵەقوڵ هەڵقوڵی و پڕژایە دەوروبەریدا" یان هاتووە: "شەش شەو و ڕۆژ لە كۆكدا بە دەنگی دەهۆڵ و زووڕنا و قوشمە و كەمانچەی عاشقەكان و دەنگی بەخشییەكانەوە ژن و پیاو خەریكی شادی و هەڵپەڕكێ بوون" یان هاتووە: "فەڕوخلەقایان سواری ئەسپ كرد و لە حاڵەتێكدا عاشقەكان دەهۆڵ و زۆڕنایان لێ دەدا و لوولووچییەكان گۆرانیان دەچڕی** (كانیماڵ، ٢٠١٩، ٣١، ١٢٨، ٢٥٠)

سەرنجی ئەم تێكستانەی ناو ئەفسانەی كوردیی خۆراسان بدەین لەتەك داب و نەریتی كوردانەیان لەشێوەی ئاهەنگ و دەربڕینی خۆشییەكانیان چەندێن جۆری هەڵپەڕكی تایبەت بە كوردانمان بۆ دیاریدەكات وەك: ئاهەنگی یەك قەرسە، دوو قەرسە، ئەنارەكی، شەش قەرسە، گوڵخونچە. هەروەها: هەردوو وشەی بەخشی و لوولووچی بەواتای گۆرنیبێژ و عاشق بەواتای مێژێك ژەن بەكار هاتووە جیا لەوەی ئاماژەی بە شێوەیەكی مەقامی كوردی كردووە بەناوی ( ئەڵڵا مەزار) و هاوكات ئاماژەی بە یەكێك لە گرنگترین ئامێری میوزیكی كوردانە كردووە بەناوی (قوشمە)، كە جۆرە سازێكی كوردییە كە "لە دوو ئێسقانی هاوشان و ناوبەتاڵی لاقی قوڵینگە یان شاهێن دروستدەكرێت و بچوكترین و بە زایەڵەترین سازی دونیایە" (كانیماڵ، ٢٠١٩، ١٢٨)

لێرەوە دەبینین كە پایەكانی زمان، خاك، مێوزیك و داب و نەریت وەك بنەمای بەهێزی یەكخستنی نەتەوە و وەك هۆكاری مانەوە و پاراستنیان لەناو ئەفسانەكاندا بەگەڕ خراون و دەكرێت بكرێنە هەوێنی یەكێتی و یەكبوون.

**بەشی شەشەم:**

**پەیوەندی تاك بە دەسەڵات، خێزان و كۆمەڵەوە**

ئەفسانە كلیلی كردنەوەی دەروونی تاكە بۆ ناسینی ناخ و دۆزینەوەی بەختەوەری و تێگەیشتن لە ژیان و ناسینی چەمكەكان چێژ بینین لە زیندوبوون ئەفسانەكان بۆ ئەمە یارمەتیدەری ئێمەن، جۆزێف كەمبێل دەڵێت" هەر ئوستورەیەك كەباس لەحیكمەتی ژیان بكات، پێوەندی بە كات و ساتێكی تایبەت و فەرهەنگێكی تایبەتەوە هەیە، ئەو ئوستوورانە تاكەكەس لەگەڵ كۆمەڵگاكەی و كۆمەڵگاش لەگەڵ سروشتدا ڕێكدەخەن،

ئوستووره سروشتی دەرەکی لەگەڵ سروشتی دەروونی دەکاتە یەك ئەمە هێزێکی ڕێکخەرە." (کەمبێل ۲۰۲۱، ۱۲۲)

لە ئەفسانەکاندا، پەیوەندی نێوان تاکەکان و دەسەڵات زۆر ئاڵۆز و فرەڕەهەند دەردەکەوێت:

پەیوەندی تاکەکان لەگەڵ یەکتر کۆمەڵی ڕایەڵی هەمەجۆر و فرە چەشن هەیە لەوانە:

هاوکاری و هاوپشتی: زۆرجار تاکەکان بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجێکی هاوبەش یەکدەگرن، یان ململانێ و دژایەتی: ناکۆکی و بەرژەوەندی جیاواز وەک هۆکارێک بۆ ناتەبایی دەردەکەون، یاخودهەندێکجار لەسەر بنەمای شەرەف، پاڵەوانێتی و بەرپرسیارێتی دادەڕێژرێن

جیا لەوە جۆرێکی تری پەیوەندی هەیە ئەویش پەیوەندی تاک لەگەڵ دەسەڵات لە چوارچیوەی ملکەچی بێ مەرج: تاکەکان وەک بچووکترین بەشی کۆمەڵگا خۆیان بە گەورەترین دەسەڵاتەوە دەبەستنەوە، یان، یاخیبوون و بەرگری: هەندێک جار تاکەکان دژی دەسەڵاتی زاڵ دەوەستنەوە، یان گفتوگۆ و پاڵنەر: دەسەڵات وەک هێزێک دەبینرا کە دەتوانێت چارەنووس دیاری بکات

لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت شێوازەکانی پەیوەندی لە ئەفسانەکاندا پوخت بکرێنەوە لە:

- پەیوەندی ئایینی: دەسەڵاتی ئایینی وەک گرنگترین هێز لەم میانەیدا نەفرینی خوداکان وەك یەکێك لە دیاردەکانی ناو ئەفسانەکان بەدیدەکرێن بە جۆرێك " خودایان توڕەبوونیان بووەتە هۆی ئازار و ئەزیەتی مرۆڤی سەر زەوی، بڕێکیان بەهەق و بڕێکی کەشیان بە ناهەق، بەتایبەت ئەو مرۆڤانەی بێ ڕێزیی و بێ حورمەتییان لە حەق خواکانیان یان پەرستگای خواکانیان کردووە، بێ ڕەحمانە لەلایەن خواکانەوە سزادراون. بۆ نموونە فەرمانی خواوەندگار (ئانتە) کەوا سزای سەرکەوتووەکانی تەروای داوە کە لەکاتی چوونە ژوورەوەی شاری (تەروا) بێ ڕێزییان دەربارەی پەرستگاکەیان کردبوو" (جاف ۲۰۲۱، ۱۰٦)
- پەیوەندی سیاسی، پەیوەندی کۆمەڵایەت، تاك وەك: قارەمان، گونجاو، یاخی جیا لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی خستمانە ڕوو هەندێك پەیوەندی تری خێزانی و هاوسەرگیری دەبنرێت جا لەنێو خواوەندەکاندابێت یان تاکەکاندا. پەیوەندی هاوسەرگیری خواوەندەکان لە نموونەی ئەوەی بابل کە لە یەکێك لە پەرستاگاکاندا " هیچ وێنە و نیگارێك نابینرێت و هیچ بوونەوەرێك بەشەودا تێ نەپەڕیوە، جگە لەتاقە ژنێك کە بەپێی قسەی کاهینەکانی کلدان، خواوەند لەناو تەواوی ژنانی بابلدا هەڵیبژاردووە. هەروەها گوتووشیانە کە خودی خواوەند خۆی بە شەو چۆتە پەرستگەکە

و لەسەر جێخەوە مەزنەکە لەگەڵ ژنەکەدا خەوتووە، بۆیە نابێ لەگەڵ هیچ پیاوێکدا جووت ببێت، چونکە ژنی خواوەندە" (فرەیزەر ٢٠٢٤، ٢٣٢) ئەم نەریتە لە ئەفسانەکانی میسری و یۆنانی و هیندی دەبینرێت هەروەها شێوەی تری ئەم هاوسەرگیرییە لە ئەفسانەی هیندیدا بەدی دەکرێت وەك ئەوەی "خێڵێکی هیندی گوندێك لە پیرۆ بەوە ناسراون، کە کچێکی جوانی تەمەن چوار ساڵی خۆیان لە بتێکی بەردین لەشێوەی پیاوێکدا مارە دەبڕن و بە خواوەندێك (یان هواکا) دای دەنێن. هەڵبەت هەموو خەڵکی گوند لە ڕێوڕەسمی ئەم هاوسەرگیرییەدا بەشدار دەبن" (فرەیزەر ٢٠٢٤، ٢٣٥).

هەروەها شێوازی دادپەروەری دابینکردنی ماف و پێدانی ئەرك و بەرپرسیارێتی بەم شێوەیە:

- سزا و پاداشت: دەسەڵات بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بڕیاری چارەنووسی تاکەکانی دەداوە
- یەکسانی: هەندێک جار ئەفسانەکان باس لە یەکسانی و مافی یەکسان دەکەن

ئەم پەیوەندییانە زۆرجار ئاڵۆز و فرەڕەهەند بوون، بەو مانایەی کە پەیوەندی نێوان تاکەکان و دەسەڵات تەنها سادە و یەک ڕەهەندی نەبووە. لەبەر ئەوەیە کە مالینۆفسلی دەڵێت: " ئەگەر بمانەوێت لە ئەفسانە بگەین دەبێ پێیشتر لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بگەین" (بێخاڵی ٢٠١٣، ٤٢)

ئێمە لەم بوارەدا هەوڵدەدەین چەند نموونەیەکی پەیوەندی بخەینەڕوو:

لە ئەفسانەی (شێتەبرا و ژیرە برا)دا هاتووە:

**پادشا گوتی: ئەی پزیشکی بەڕێز! ئەگەر کچەکەم دەرمان بکەیت هەرچیت پێویست بێ دەتدەمێ، بەڵام ئەگەر چاك نەبێتەوە دەتکوژم.**

**پیاوە ژیرەکەیش گوتی: گەورەم! بەو مەرجەی کچەکەتان دەرمان دەکەم ئەگەر چاك بووەوە، بیدەن بە خۆم، ...**

**پادشا بەناچار بەو مەرجە ڕازی بوو. پیاوە ژیرەکە چووە ژووری کچی پاشا و کەوچکێ لە مێشکی سەگە ڕەشەکەی بە کچەکەدا، کچی پاشا خەوی لێکەوت و پاش قەدەرێ هەستا، ...ڕۆژێ دواتر ڕێوڕەسمی زەماوەندی شازادە خانم لەگەڵ پیاوە ژیرەکەدا کەوتە ڕێ، ...ساڵێك تێپەڕی ڕۆژێکیان پادشا بە پیاوە ژیرەکەی گوت: ئەی پزیشکی بەڕێز! ئیدی من پیر بوومە و ئەتۆیش بە پیاوێکی شایستە دەزانم و وەکو جێگری خۆم هەڵتدەبژێرم و ئەتۆ لە بەیانییەوە پادشای ئەو وڵاتەی، بەڵام ئامۆژگاریت دەکەم هەرگیز لەگەڵ کەسانی هەژار و دەستکورتدا بە**

**تووڕەییەوە هەڵسوکەوت نەکەیت و کێشەکانیان چارەسەر بکە و خواستەکانیان جێبەجێ بکە** (کانیماڵ، ٢٠١٩، ٥٣)

هەروەها لە ئەفسانەی (حەمەداوچی و ئەنگوستیلەی سلێمان پێغەمبەردا هاتووە:

**حەمە داوچی ...چوو بۆ خوازبێنی کچی پاشا، ... پادشا بۆ ئەوەی داواکاری کچەکەی لەکۆڵ بکاتەوە چەند مەرجێکی دژواری خستە بەردەم و گوتیشی: دەبێ پێنج سەد تمەنیش شیربایی بدەیت، هەروەها ڕەوە ئەسپێك و ڕەوە وشترێك و گاگەلی شیردەر و مێگەل و هێ دییش بێنیت،...پادشایش ڕازی بوو... زەڕینتاجی کچی دا بە حەمە داوچی** (کانیماڵ، ٢٠١٩، ٨٠)

بە سەرنجدانمان لەم دوو نموونەیە چەند خاڵێکی ئەرێنی بەرچاو دەکەوێت، کە وەك سیمایەکی جیاکەرەوەی ئەفسانەی کوردیی خۆراسانە لەوانە: پەیوەندییەکی ئەرێنی لە نێوان پادشا و خەڵکی ئاسایی، لەوەش قووڵتر هاوسەگیری لە نێوان کچی پادشا کە شازادە خاتوونە لەگەڵ خەڵکی ئاسایی، جیا لەوەش دانانی جێگرەوەی پاشا لە خەڵکی ئاسایی و دوور کەوتنەوە لە نەریتی کۆنی دانانی شوێنگرەوە، هەروەها خاڵی هەرە ئەرێنی ئامۆژگاریکردنی پادشایە بۆ شوێنگرەوەکەی بەوەی لەگەڵ هاوڵاتیاندا نەرم و نیان بێت، گرفتەکانیان بۆ چارەسەر بکات و لەوەش گرنگتر داوای ئەوە دەکات خواستی هاوڵاتیان جێبەجێ بکات، کە ئەمەش لووتکەی دەوڵەتداری و فەرمانڕەوایی مرۆڤ دۆست و دادپەروەرانەیە، لەگەڵ ئەمانە نەریتی وەرگرتنی شیربایی دەبینین ئەگەرچی دیوە ئەرێنییەکەی ئەم هاوسەرگیرییە ئەوەیە کچی پادشا دەبەخشن بەکەسێکی ئاسایی، کە لە خوێن و بنەچەی پادشا نییە، بەڵام قارەمانێکی لێهاتووە یان خاوەن هێز و بازوویەکی بێ وێنەیە، بەڵام دیوە نەرێنییەکی بوونی شیربایی و موڵك و ماڵ و پارە وەرگرتنە لە پای ئەم بەخشین و هاوسەرگیرییە.

هەروەها لە ئەفسانەکانی (بارامی پووشکە چن)دا هاتووە:

**بارام کە تێگەیشتبوو باوکی بە چ ڕەنج و زەحمەتێك پارووە نانێك وەدەست دێنێ، بڕیاریدا یارمەتی باوکی بدات. ڕۆژێك، کە باوکی بارام تەناف و تیشەی گیا کەندنی هەڵگرت و لەماڵ دەرکەوت. بارامیش ڕۆیشت و گوتی: بابە گیان! دەبا ئەمنیش لەگەڵتدابێم. ئەمنیش تەنافێ دێنم و باقە بنچکێ کۆ دەکەمەوە. ئەتۆ لاسی خۆت بفرۆشە و ئەمنیش لاسەکەم دەبەمەوە ماڵ بۆ سووتەمەنیی زستانمان. ئەمن ئیدی گەورە بوومە و دەتوانم کاربکەم. باوکی بزەیەکی کرد و گوتی: باشە کوڕم تەنافەکە بێنە با بچین"** (کانیماڵ، ٢٠١٩، ٥٦)

یان لە ئەفسانەی (ئەلیی دین و یەلیی باقل)دا هاتووە:

**عەلی دێوانەیەك هەبوو لەگەڵ عەلی عاقڵێکدا هاوڕێ بوون، ... عەلی دەڕۆیشت و سێبەرەکەیشی بەدوایدا و عەلی هەر نانی پێدەدا، تاکو نانەکانی تەواو بوون و گەیشتە لای برادەرەکەی.**

**عەلی عاقڵ پرسی: براگیان نانت هێنا؟**

**عەلی دێوانە گوتی: بەڵێ هێنام بەڵام کەسێکم دەگەڵ کەوت و زۆریش برسی بوو، نانەکانم پێدان و هەمووی خواردن، عەلی عاقڵ گوتی: چاکتکرد** (کانیماڵ، ٢٠١٩، ٢٧٩)

لەم دوو پارچەیەی سەرەوە، کە لەئەفسانەکاندا هاتوون بەڕوونی گیانی هاوکاری و تەبایی و پێکەوە کارکردن لەنێوان تاکەکان دەبینرێت، لە نموونەی یەکەمدا گیانی کارکردن لەنێوان باوك و کوڕدا دەبینرێت لە پێناو پەیداکردنی بژێوی ژیان و یارمەتیدانی خێزان و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، لە نموونەی دووەمدا گیانی هاوکاری و بەخشێن و لێبووردەیی لە نێوان دوو هاوڕێدا و قبووڵکردنی یارمەتیدانی ئەوانیتر، کە ئەمەش نموونەیەکی بەرزی مرۆڤ بوونە لە پێناو هێنانەدی سەقامگیری کۆمەڵایەتی و پتەوکردنی تەونی تەبایی و پێکەوە ژیان.

هەروەها لە ئەفسانەی (یاریکردنی شا عەباس بە تەختە نەرد)دا هاتووە:

**شا عەباسیش بۆ ماوەی سێ ڕۆژ کچەکەی لەخۆی مارەکرد و بە نهێنی پێی گوت: ئەمن شا عەباسم و نابێ کەسیش بەمە بزانێت، پاشان سەد تمەن و قۆڵبەندێکی لە نێو کەشکۆڵەکەی دەرهێنا و بە کچەکەی دا، گوتی ئەگەر منداڵەکەت کوڕ بوو، ناوی محەممەدی بۆ دانێ و قۆڵبەندەکەی بۆ ببەستە** (کانیماڵ، ٢٠١٩، ١٩٥)

لەم نموونەیەشدا نەریتێکی هاوسەرگیری دەبینین ئەویش هاوسەرگیری کاتییە، کە بەکاریگەری ئایینزای شیعە چۆتە ناو ئەفسانەکانەوە، چونکە کوردانی خۆراسان لە پەیڕەوکەرانی ئایینزای شیعەن

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت لە ئەفسانەی کوردی خۆراساندا چەندین نەریت و ڕایەڵی کۆمەڵایەتی و شێوەی پەیوەندی تاکەکان و تاك لەگەڵ کۆمەڵ و پادشا و دەسەڵات لەگەڵ هاوڵاتی و پەیوەندییە خێزانی و هاوڕێیەتییەکان و شێوەی پەیوەندیان دەستنیشان بکرێن.

**بەشی حەوتەم:**

**ئەفسانە و سروشت**

لە ئەفسانەکاندا، سروشت و ڕووداوەکان زۆرجار وەک هێزێکی زیندوو و بەهێز پیشان دەدرێن، کە تایبەتمەندییەکی سەرەکی میتۆلۆژیایە. ئەمە بە چەند شێوەیەک دەردەکەوێت وەك:

ئاژاوەی سروشت وەک نیشانەی هەستی خواوەندەکان، کە گریمانی سەرەکی لەم بارەدا ئەوەیە کە ڕووداوە سروشتییەکان وەک ناڕەزایی یان هەستی خوایان لێکدەدرێنەوە. بۆ نموونە، زریان، هەورەبروسکە، یان لافاو زۆرجار وەک دەربڕینی تووڕەیی یان سزای خوایان تەماشا دەکران. هەروەها خواوەندەکانی سروشت لە زۆربەی میتۆلۆژیاکاندا، خواوەندەکان بۆ هەر بەشێکی سروشت هەن. وەک خودای با، خودای ئاو، خودای زەوی، کە هەریەکەیان کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان بەسەر ژیانی مرۆڤەوە هەیە.

گێڕانەوەی ڕووداوەکانی سروشت بۆ هۆکاری ئەفسانەیی یەکێکی ترە لە پەیوەندی ئەفسانە و سروشت بەوەی لەم حاڵەتەدا، ڕووداوە سروشتییەکان بایەخ و مانایەکی قووڵتریان پێدەدرێت. بۆ نموونە، وشکەساڵی دەکرێت وەک سزایەکی گەورە یان تاوانێکی مرۆڤایەتی لێکبدرێتەوە.

بۆیە دەبینین ئەم پەیوەندییەی نێوان مرۆڤ و سروشت بەجۆرێك بووە بەشێك لە خەڵکی لە وڵاتی بابلدا ڕووەك و ئاژەڵیان وەك خواوەند سەیر کردووە بەو پێیەی سەرچاوەی بژێوە مرۆڤ و زیندەوەرانی ترن بەتایبەتی ڕووەك بۆیە دەبینین "نیشانەکانی مرۆڤ و ژیانەوەی ساڵانەی ڕووەك و ئاژەڵیان (بەتایبەتی ڕووەك) لەژێر ناوی خواوەندی (ئۆزیرس و تەموز و ئەدۆنیس و ئایس)دا کردووە.بەم شێوەیە ڕووەکیان بەخواوەندێك زانیوە، کە هەموو ساڵێك دەمرێت زیندووش دەبێتەوە، ناوی ئەم خواوەندانە لە ناوەڕۆکدا مەبەست لە مردن و ژیانەوەیە،... لەسەرەتادا گەلانی سامی و خواوەندی ئەدۆنیسیان دەپەرست، دوای ئەمان لەسەدەی حەوتەمی پێش زایینگریکەکانیش ئەم نەریتەیان لێ فێربوون) (باقی ٢٠١٣، ١٦) هەروەها پەرستنی داربەڕوو لای ئەفسانەی زۆربەی گەلانی دونیا هەیە سەرەتا لە ئەوروپا سەری هەڵداوە لای گریك و ئیتاڵییەکان و دواتر لای ئەڵمانییەکان بوونی هەبووە و ڕێز و شکۆیان بۆ دارستانەکان داناوە و داربەڕوو پیرۆزترینیان بووە، هەروەها لای لیتوانی و سلاڤییەکانیش بەهەمان شێوە هەبووە. بۆیە بەگشتی ئەوە دەردەکەوێت، کە "خواوەندی داربەڕوو و هەورەگرمە و باران لە کۆندا هەموو لقەکانی ڕەگەزی ئارییەوە لە ئەوروپا دەیانپەرست و لە ڕاستیدا خواوەندی سەرەکی بوو لە هەیکەل یان پانتیۆنی خواوەندەکانیاندا" (فرەیزەر ٢٠٢٤، ٢٦١) بابەتەکانی سروشت و هاتنی وەرزەکان و بوونی کشتوکاڵ بەشێوەی هەمەجۆر لە

ئەفسانەکاندا ڕەنگی داوەتەوە و تەواو ئاوێتەبووە وەك دەبینین لەناو ئەفسانەکاندا: " هێنانی هاوین خۆی لە هەندی حاڵەتدا فۆڕمێکی تری ێنانی مەرگە یان بووژانەوەی ڕوحی سەوزاییە کە خۆی لە کوشتن و زیندووکردنەوەی مرۆڤی بەراییدا دەبینێتەوە، ... هەروەها لە هەندێ شوێن دوایین سواڵە یان مەڵۆی دروێنەکراوی گەنم یان گەنمە شامی لەو وەرزەدا، کە باوەڕ وایە شوێنی نیشتە جێی ڕوحی گەنم یان گەنمەشامی بێت، بەناوی ڕوحی گەنم یان گەنمە شامیی مردوووەوە ناوزەد دەکرێت و هۆشداری دەدرێت بە منداڵان، کە نچەنە ناو گەنم یان گەنمە شامییەوە، چونکە مردن خۆی تێدا حەشار داوە" (فرەیزەر ٢٠٢٤، ٤٧٤). لەبەرئەوەیە کە جۆزێف کامبڵ دەڵێت: "پێویستە فێربین خۆمان لەگەڵ ژیرمەندی سرووشت ڕێکبخەین و سەرلەنوێ، لە خزمایەتی و پێوەندیمان لەگەڵ ئاژەڵەکان و لەگەڵ ئاو و دەریادا تێبگەین. ئەگەر بێژین لە جیهاندا و لە هەموو شتێکدا خواوەند هەیە" (کەمبێل ٢٠٢١، ٨٠) بۆیە ئەفسانە ناسان دەگەنە ئەو بڕوایەی کاتێك لە هەرگۆشەیەکی دونیاوە "دەروانیتە سروشتی جیهان، بۆ ئایکۆنێك دەگۆڕێت، وێنەیەکی پیرۆز باسی شتە ئەسڵییەکانی جیهان دەکات، تا ڕاددەیەك هەر ئەفسانە ناسێك شتێك دەربارەی ئاو بزانێت، بۆی دەردەکەوێت، کە ژیان لە ئاوەوە سەرچاوەی گرتووە" (ج. کامبڵ ٢٠٢٤، ٨٧).

پەیوەندی نزیکی مرۆڤ و سروشت بەشێوەیەکی گشتی لە ئەفسانەکاندا بەجۆرێکە، کە جەخت لەسەر پەیوەندییەکی نزیک و ڕۆحانی دەکەنەوە لە نێوان مرۆڤ و سروشتدا، کە تێیدا سروشت زیاتر وەک بوونەوەرێکی زیندوو و هەستدار دەبینرێت.

لە ئەفسانەی کوردی خۆراساندا نموونەی بەرچاومان هەیە لە پەیوەندی نێوان سروشت و مرۆڤدا وەك لە ئەفسانەی (درەختی چل ئستران) دا هاتووە:

**لە کەلێنی دوو تاشە بەردا، دارێکی سەوز و جوانی بینی بەرەولای ڕۆیشت و گوتی: ئەی دار چل ئستران! سوێندت دەدەم بە خودای گەورە، لەگەڵمدا وەرە تاکو خوشکم بە دیتنی تۆ شاد بێتەوە. کاتێ دارەکە ئەمانەی بیست ناڵەیکی کرد و جوڵایەوە و زڕەی زەنگۆڵەکانی، چیاکەی داگرت، ... ئەوسا داری چل ئستران دەستیکرد بە ژەنینی چل مەقامی دڵبزوێن و مایین و چل بێچووەکەیشی حیلاندیان و هەڵبەزین و دابەزین و دەلالیش هاتە سەر هەست و دەستیکرد بە ژەندنی چەنگ و زێڕین و زیوینیش فرمێسکی شادییان هەڵوەران** (کانیماڵ، ٢٠١٩، ١٤٣)

ئەگەر سەرنج بدەین لێرەدا پەیوەندییەکی ڕوحی لەنێوان مرۆڤ و سروشت و بەدیاریکراوی درەختێکی ئەفسانەیی هەیە، دارەکەش ئاواز دەژەنێ و میوزیك لێدەدات و خۆشی دەبەخشێت میوزیکەکەش وەك درەختەکە ئەفسانەییە و هاوشێوەی نییە، پێکڕا لەگەڵ مرۆڤەکانی دەوروبەری زەماوەندی شادی سازدەکەن.

هەروەها لەبەشێکی تری ئەفسانەکەدا هاتووە:

**دوو خوشکەکە گەڕانەوە ماڵ و منداڵەکانیان نایە ناو سندوقێکی دارین و کاتێ شەو داهات، خستیاننە ڕووبارێکی خرۆشانەوە تاکو سندوقەکە بباتە ناو دەریا و ببنە خۆراکی نەهەنگ و ماسییەکان. سندوقەکە لە نێوان شەپۆلەکاندا کەوتە ڕێ و ڕۆیشت، تا لە پەنای ڕووبار و لە نێوان لقەکانی بنچکێکی شیلاندا گیرسایەوە، ...بزنەکە سندوقێکی بینی، کە دەنگی گریانی منداڵی لێوە دەهات، بۆیە چووە پێشەوە و کاتی منداڵەکانی بینی، سەرو ڕووی لستنەوە و گوانەکانی نایە زاریان و ئەوانیش دەسیانکرد بەخواردن، هەتا جوان جوان تێربوون** (کانیماڵ، ٢٠١٩، ١٣١)

لێرەدا لەنێوان دڵڕەقی مرۆڤ و میهرەبانی سروشتدا دەوەستین، دەبینین مرۆڤەکان چۆن پلانی لەناو بردنی دوو منداڵی تازە لەدایکبووی خوشکێکیان دادەڕێژن بۆ لەناوبردن و مردن، بەڵام لە بەرانبەردا میهرەبانی ڕووبار و گەیاندنی منداڵەکان بەکەنارێکی ئارام دەبینین هاوکات، بزن کە ئاژەڵێکی سرت و چەتوونی کوردەوارییە، ئەویش بەشێك لە سروشت دەبێتە دایکێکی مێهرەبان و بە گوانەکانی خۆی منداڵەکان تێر شیر دەکات، چیرۆکەکە تەژییە لە ململانێی نێوان مرۆڤی کینە لە دڵ و سروشتی بەخشندە، کە هەست دەکەیت ئەفسانەکە سوودی لە چیرۆکی حەزرەتی موسا پێغەمبەر و ڕووباری نیل وەرگرتبیت، کە چۆن بە سەلامەتی گەیاندییە کۆشکی فیرعەون و لەوێ هەر خۆیان بوونە مایەی پاراستن و گەورەکردنی.

دەردەکەوێت لە ئەفسانەی کوردی خۆراساندا بەشێوەیەکی گشتی سروشت میهرەبان و مایەی ڕزگاری و شادی هێنەرەوە وەك لەوەی سروشتێکی دڵڕەق و تۆقێنەر و ترسناك بێت.

**ئەنجام**

١. لە ئەفسانەی کوردیی خۆراساندا دیاردەکانی قوربانیکردنی مرۆڤ لە پێناو خواوەند و بەخواوەندکردنی مرۆڤ دەبینرێت بەتایبەتی ئیمامی عەلی، ئەمەش بۆ کاریگەری ئاینزای شیعە دەگەڕێتەوە لەناو کوردانی خۆراساندا.

٢. لەڕووی مێژوویەوە چەندین ڕووداوی گرنگی مێژوویی و کەسایەتی قارەمانی کورد و غەیرە کورد لە ئەفسانەکاندا بەرچاو دەکەون و هەروەها ئاشنای شێوەی ژیانیان دەبین.

٣. لە بواری پەروەردە و زانست و داهێناندا ئەفسانەکان، چیرۆکی پەروەردەیی و پڕ لە ڕاهێنان و بیرۆکەی داهێنانکاری لە بواری فڕین، میوزیك کاری دەستی بیناسازییان تێدایە.

٤. لەڕووی نەتەوەییەوە ئەفسانەکان مۆرکی نەتەوەیی خۆیان پاراستووە لە ڕووی زمان و سنور و شوێن و داب و نەرێت و ڕێوڕەسمەکانی تایبەت بە خۆیان.

٥. پەیوەندیی تاکەکان لەنێوان تاك و دەسەڵات، خێزان، هاوسەر و هاوڕێ بەشێوەیەکی گشتی زۆر ئەرێنییە و هەرچی پەیوەستە بە پەیوەندی لەگەڵ سروشت پەیوەندییەکی ڕوحی گەورە هەیە لەنێوانیاندا بەجۆرێکە دەگاتە ڕاددە قوربانیکردن، خۆبەخشین و خوێن بەخشێن بە سروشت و لە پێناو سروشتدا.

## سەرچاوەکان


- باقی، محمد حەمە.٢٠١٣ . *ئەفسانە و تەم* .هەولێر، چاپی یەکەم: خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵأوکردنەوە.
- بێخاڵی، سەید مەولود .٢٠١٣ .*ئەفسانە و داستان لە فۆلکلۆری کوردەواریدا* .هەولێر: ڕۆشنبیری.
- تەها، یاسین .٢٠٢٤ .*ئاینزای ئەشعەری لەناو کوردا* .تاران: تاران.
- جاف، خوسرەو .٢٠٢١ .*مێژووی ئەفسانەی جیهان* .هەولێر، چاپی یەکەم: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- حسن، مەولوود ئیبراهیم .٢٠٢٠ .*پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی* .سلێمانی: چاپی یەکەم، تاران.
- حەسن، مەولوود ئیبراهیم .٢٠٢٠، .*گەڕان بەدوای نەمریدا* .سلێمانی: چاپی یەکەم، ئاران.
- شتراوس، کلۆد لیڤی .٢٠٢٠ .*ئەفسانە و مانا* Translated by .سەلاح حەسەن پالەوان .تاران: تاران.
- عەباس، محمد سلێمان .٢٠٢١ .*دونیای ئەفسانە* .هەولێر: ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم.
- فرەیزەر، سێر جەیمس جۆرج .٢٠٢٤ .*چڵی زێڕین لێکۆڵینەوەیەك لە جادووگەری و ئاین* Translated by . محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق .سلێمانی، چاپی یەکەم: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- فەلاح،، شەریف .٢٠٢٢" .کوردانی خۆراسان پارێزەرانی زمان و کەلتوور In ".*کوردانی خۆراسان مێژوویەکی کۆن و گەنجینەیەکی لە بیرکراو* by ,ڕەحمان نەقشی، ٢٧-٣٣ .چاپی ئەلیکترۆنی.
- کامبڵ، جۆزێف .٢٠٢٤ .*گەشتی پاڵەوان* Translated by .سەڵاح حەسەن پاڵەوان .سلێمانی، چاپی یەکەم: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- کامبڵ، جۆزیف .2023 .*ئەو ئەفسانانەی پێیان دەژین* Translated by .سەڵاح حەسەن پاڵەوان .سلێمانی: سەردەم.
- کامبێل، جۆزێف .٢٠٢٣ .*ئەو ئەفسانانەی پێیان دەژین* .سلێمانی، چاپی یەکەم: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- کانیماڵ،، کەلیموڵلا تەوەحودی .٢٠١٩ .*درەختی چل ئستران بیستویەك ئەفسانەی کوردیی خۆراسان چیرۆکی کورمانجی* Translated by .کەمال تاهیر نژاد .سلێمانی، چاپی یەکەم: ناوەندی غەزەلنووس.
- کەمبێل، جۆزیف .٢٠٢١ .*هێزی ئوستوورە* Translated by .شێرکۆ جیهانی .سنە، چاپی یەکەم: وەشانخانەی مادیار.
- هەرشمی،، شاسوار .٢٠١٦" .کوردانی خۆراسان مێژوویەکی کۆن و گەنجینەیەکی لە بیرکراو In ". *کوردانی خۆراسان مێژوویەکی کۆن و گەنجینەیەکی لە بیرکراو* by ,ڕەحمان نەقشی،، ١-٢٥ . ئەلیکترۆنی.
- هەرشەمیی، شاسوار،.٢٠٢٢ .*فەرهەنگی ئێتمۆلۆژی کوردیی* .سلێمانی: جەمل عیرفان.

# خصائص الأسطورة الكردية في خراسان


## الملخص

الأساطير، وهي قصص قديمة نُقلت في البداية شفهياً من جيل إلى جيل، تحكي عن أحداث أو شخصيات خيالية. وغالباً ما تفسر الظواهر والأحداث الطبيعية، وتكشف عن المعتقدات و وجهات النظر في العصور السابقة. وترتبط هذه غالباً بالمعتقدات الدينية أو الجوانب الثقافية للمجتمع.

يركز هذا البحث على دور وأهمية الأساطير في الثقافة الإنسانية، وخاصة في الثقافة الكردية، متخذاً الأساطير الكردية من منطقة خراسان كأمثلة محددة.

تكمن أهمية هذا الموضوع في كيفية مساهمة الأساطير في الحفاظ على تراث وثقافة أي شعب ومنطقة، حيث تعد الأساطير جزءاً مهماً من التراث الثقافي لكل أمة وتساعد في نقل القيم والمعتقدات الثقافية من جيل إلى آخر. كما تساعدنا الأساطير في تفسير الظواهر الطبيعية والاجتماعية، حيث لعبت الأساطير تاريخياً دوراً في تفسير الظواهر الطبيعية والاجتماعية.

إلى جانب كونها مؤثراً قوياً في الأدب والفن وتعزيز الهوية الوطنية، تعمل الأساطير كمصدر إلهام للعديد من الأعمال الأدبية والفنية. ونتيجة لذلك، تم إنشاء العديد من القصص والقصائد والأفلام والمسرحيات استناداً إلى الأساطير. وفيما يتعلق بالهوية الوطنية، تساعد الأساطير في خلق وتعزيز المشاعر المشتركة. فهي تعمل كجسر يربط بين الماضي والحاضر.

من منظور تربوي وتعليمي، تحمل الأساطير قيمة كبيرة، حيث تتضمن غالباً دروساً أخلاقية وقيماً اجتماعية. وإلى جانب ذلك، تساعدنا في فهم التاريخ، حيث تعكس بعض الأساطير أحداثاً تاريخية، وإن كانت تُروى بطريقة خيالية. ويمكن للبحث في الأساطير أن يقدم معلومات مهمة عن حياة الناس وتفكيرهم في العصور القديمة. وفيما يتعلق بعلم النفس الاجتماعي، يمكن للأساطير أن تعكس مخاوف المجتمع وآماله وأحلامه. وأخيراً، يمكن أن تصبح الأساطير مصدر إلهام للكتّاب والفنانين والمفكرين، لتكون أساساً لإنتاج أعمال جديدة وإبداعية.

من هذا المنظور، نجد كل هذه السمات العامة المذكورة في الأساطير الكردية من خراسان، لذلك يقدم البحث الخصائص العامة للأساطير الكردية الخراسانية من حيث المحتوى. كما يحدد جميع السمات الخاصة الموجودة في هذه الأساطير.

يُظهر هذا البحث أن الأساطير بشكل عام، والأساطير الكردية الخراسانية بشكل خاص، رغم قدمها، لا تزال تلعب دوراً مهماً في فهم ثقافة وتاريخ هذا الجزء المهم من الأرض والشعب الكردي. إن أهمية دراسة الأساطير الكردية الخراسانية تساعد في الحفاظ على وفهم أعمق لتراث وثقافة أكراد خراسان.

**الكلمات الدالة:** *الأسطورة، الأساطير الكردية الخراسانية، أكراد خراسان، أسطورة شجرة جل إستران، كول بري.*

## Characteristics of Kurdish Myth in Khorasan

**Abstract**

Myths, which are ancient stories initially transmitted orally from generation to generation, tell of fictional events or characters. They often explain natural phenomena and events, revealing the beliefs and perspectives of previous eras. These are frequently connected to religious beliefs or cultural aspects of a society.

This research focuses on the role and importance of myths in human culture, particularly in Kurdish culture, specifically using Kurdish myths from the Khorasan region as examples.

The significance of this topic lies in how myths can help preserve the heritage and culture of any people and region, as myths are an important part of every nation's cultural heritage and help transfer cultural values and beliefs from one generation to another. Additionally, myths help us explain natural and social phenomena, as historically, myths played a role in interpreting natural and social occurrences.

Besides being a powerful influence on literature and art and strengthening national identity, myths serve as a source of inspiration for many literary and artistic works. Consequently, numerous stories, poems, films, and plays have been created based on myths. Regarding national identity, myths help create and strengthen shared feelings. They act as a bridge connecting the past with the present.

From an educational and learning perspective, myths hold great value, often containing moral lessons and social values. Apart from this, they help us understand history, as some myths reflect historical events, albeit told in a fictional manner. Research into myths can provide important information about people's lives and

thinking in ancient times. Additionally, regarding social psychology, myths can reflect society's fears, hopes, and dreams. Finally, myths can become a source of inspiration for writers, artists, and thinkers, serving as a foundation for producing new and creative works.

From this perspective, all these general features discussed are found in Kurdish myths from Khorasan, so the research presents the general characteristics of Khorasan Kurdish myths in terms of content. It also identifies all the special features present in these myths.

This research shows that myths in general, and Khorasan Kurdish myths in particular, despite their antiquity, still play an important role in understanding the culture and history of this important part of Kurdish land and people. The importance of studying Khorasan Kurdish myths helps in preserving and gaining a deeper understanding of the heritage and culture of the Kurds of Khorasan.

**Keywords**: *Myth, Khorasan Kurdish Myths, Khorasan Kurds, The Myth of Chil Istran Tree, Gul Pari.*